وێنەی ڕەگەزی مێ

لە دیوانی ژنێک لە جنسی باران

دوکتۆر
کوردستان موکریانی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

به ناوی خودای میهرەبان

وێنەی ڕەگەزی مێ لەنێو دیوانی

ژنێک لە جنسی باران

سرشناسه :	موکریانی، کوردستان
عنوان و نام پدیدآور :	وینەی رەگەزی می لەنیو دیوانی ژنیک لە جنسی باران (قوبادی جەلیزادەدا)/ دانەر کوردستان موکریانی.
مشخصات نشر	مریوان: ، ۱۳۹۹.
مشخصات ظاهری :	۹۶ص؛ ۱۴/۵ × ۲۱/۵ سم.
شابک	۹۷۸-۶۰۰-۶۹۶۲-۷۲-۶
وضعیت فهرست نویسی :	فیپا
یادداشت :	کردی.
موضوع	جلیزاده، قباد -- نقد و تفسیر
موضوع	شاعران کرد -- عراق -- قرن ۲۰م. -- سرگذشتنامه
موضوع	-- ۲۰th century -- Poets, Kurdish -- Iraq Biography
موضوع	شعر کردی -- عراق -- قرن ۲۰م. -- تاریخ و نقد
موضوع	-- ۲۰th century -- Kurdish Poetry -- Iraq History nd criticism
موضوع	زنان در ادبیات
موضوع	Women in literature
رده بندی کنگره	PIR۳۲۵۶
رده بندی دیویی :	۸فا۹/۲۱
شماره کتابشناسی ملی :	۶۲۱۴۶۷۶

وێنەی ڕەگەزی مێ لەنێو دیوانی

ژنێك لە جنسی باران

(قوبادی جەلیزادە)

دانەر:

دوکتۆر کوردستان موکریانی

وێنەی ڕەگەزی مێ لەنێو دیوانی
ژنێک لە جنسی باران

✓ ناوی کتێب (نام کتاب):	وێنەی ڕەگەزی مێ لەنێو دیوانی ژنێک لە جنسی باران
✓ دانەر (نویسندە):	د. کوردستان موکریانی
✓ دیزانی بەرگ (طرح جلد):	ڕێبوار چراغی
✓ دیزانی ناوەوە (صفحەآرایی):	ئەسعەد ئەحمەدی
✓ کەڕەتی چاپ (نوبت چاپ):	یەکەم (اول): ۱۳۹۹ـ۲۰۲۰
✓ ژمارەی چاپکراو (تیراژ):	۵۰۰ بەرگ (جلد)
✓ ژمارەی لاپەڕە و قەوارە (تعداد صفحات):	۹٦ لاپەڕە (صفحەی مینیمال)
✓ ناشر (خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە):	خانەی چوارچرا
✓ شابک:	٦ـ۷۲ـ٦۹٦۲ـ٦۰۰ـ۹۷۸

✓ نرخ (قیمت): ۱۵,۰۰۰ تمەن ـ ۲۵۰۰ دینار

ناوەندی بڵاوکردنەوە: سلێمانی، سەرەتای شەقامی مەولەوی فەرعی سەعید تەها کۆیی.خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا

تەلەفوون: ۰۷۵۰۱۱۲۸۳۸۸

پێشکێشە بە بەڕێز :

نـازدار ـ هاوژینی قوبادی جەلیزادە

پوخته

لەسـەردەمانی کۆنـەوە، تا ئەمـڕۆ گۆڕانکارییەکـی گەورە لـە ژیانی ئێمەی ڕەگـەزی مێ بەتایبەتی و کۆمەڵ بەگشـتی ڕوویـداوە. ئافرەت لەسـەر ئاسـتی خوێندەواری، زانسـتی، زانیاری گشـتی، تەکنۆلۆژی، ڕۆشـنبیری، کارگێـڕی، ئابووری، رامیـاری، چالاکـی جۆراوجـۆری جڤاکـی هەنـگاوی باشـی هاویشـتووەو لـە زۆر لایەنەوە پەرەی سـەندووە، کەچی لەم ساوە تا نهـۆ وێنـەی ئێمـەی ڕەگەزی مـێ لەنێـو هۆنراوەی کوردیدا ، بەشـێوەیەکی گشتی هەر وێنەی سەدانی بوورییە، بەڵام بە لێکچوواندنێکی هاوچەرخانە.

وێنەی شائیرانی ڕەگەزی نێر بەشێوەیەکی سەرەکی تەنێ جەستە و جوانی ڕووکەشی دەرەوەمان دەگرێتەوە. بوێژانمان لـە وێنەکانیانـدا زۆرکەم هێمـایان بۆ رادەی هـزر، تێڕوانین، کردە و چالاکییەکانی ئێمەیان کردووە.

وێنەی ڕەگەزی مێ لەنێو دیوانی ژنێك لە جنسـی بارانی قوبادی جەلیزادەدا توێژینەوەیەکی وەسـفی شـیکارییە. ئەم وێنانە شـیدەکاتەوە، کە جەلیـزادە بۆ ئێمەی ڕەگەزی مێی بە وشە کێشاوە.

قـوبادی جەلیزادە لەنێو شـائیرانی کورد بـەوە نێودارە، کە ناوەڕۆکـی زۆربـەی هۆنراوەکانـی بۆ جەسـتەی رەگەزی مێ تەرخانکردووە و بەتایبەتی بۆ باخی سێوان.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە بزاندرێت ئایا جەلیزادە هەر جەستەی رەگەزی مێی مەبەستە، یان پەلی بۆ بابەتانی دی، کە بەندیواری بە ژنەوە هەیە، هاویشتووە؟

ئـایا جەلیـزادە لـە وێنەکانیدا هـەر رووکەشـی دەرەوەی رەگـەزی مێـی خسـتۆتەروو، یان ناخی دەربریـوە و بایەخی بەرۆڵـی گرنگی لە ژیانـی رۆژانەیدا داوە ؟ جەلیزادە تا چەند راسـتگۆیانە لـە خـۆی دواوە و راشـکاوانە رازی دڵی خۆی بۆ خوێنـەر و بـۆ هاورەگـەزی بەرامبـەری درکانـدووە؟ جۆری وێنەکانی بەرجەستەکراو، ئایا ئەرێنین، یان وێنەی نەرێنین؟

ئەمانە و چەندین پرسیاری دی و نـەبـوونـی توێـژینەوەیـەك تایبەت بەم باسە لەنێو دیوانی ژنێك لە جنسی باراندا بوون بەهـۆی نووسـینی لێکۆڵینەوەیەکی سـەربەخۆ لەم بابەتەی لەژوورووە باسکراودا.

❋❋❋

زمان لەنێو دیوانی ژنێك لە جنسی باراندا

زمـان ڕەگەزێکـی بنچینەیە لـە بنیاتنانی شـیئردا، چونکە وێنەی هونـەری لەنێو زماندا بەرجەسـتە دەبێت. هەڵبژاردنی وشـە بـۆ دەربڕیـن لـەو بیرۆکـەی، کـە شـائیر دەیەوێـت بەڕێگەیەوە دەریببڕێت، توانای شائیرێتی شائیر خۆیادەکات. جۆری دارشتنی مانای ئەو پەیڤانەی بوێژ لە دنیای ڕەوانبێژیـدا وەك: خواسـتن، لێکچوواندن، هێماکردن و.. دەیانبەخشـێت، دەبێـت ئەوەند کاریگەر و بزوێنەر بن، لە ئەنجامیدا خوێنەر و بیسەر تاموچێژی لێوەربگرن و دووچاری هەڵچوون بن.

جەلیزادە هەوڵیداوە زۆربەی هۆنراوەکانی نێو دیوانی نێوبراودا بـە زمانێکـی وێژەیـی بنووسـێت. زمانێـك تایبەت بـە خۆی. زۆربەی وشـەکانی ڕەنگدانەوەی سـیمای سـەردەمەکەی خۆی بێـت. پەیڤەکان لە ڕاژەی بیرۆکـەی هۆنراوەکانی دابێت. لەباری لێکچوواندندا زۆر وەسـتایانە مامەلە لەگەڵ وشـەی فەرهەنگی شـیئردا بکات. لەپێنـاو بەهێزکردنی مانای وشـەکان و بزواندنی هەسـتی بەرامبـەری، هێندێـك پەیـڤ، یان هێندێـك فرێـز و رسـتە لەنێو یـەك هۆنـراوەدا دووپاتکردۆتەوە. هـەروا هەوڵیداوە بـۆ ڕاکێشـانی سـرنجی خوێنەر چەند وشـەیەك تیـپ بە تیپ بنووسێتەوە، یانی هەر تیپەی دێڕێکی تەواوی بۆ تەرخانبکات.

شـائیر لە هێندێك باردا، لەپێناو گەیاندنی بیرۆکەیدا، نەك هـەر لە هۆنینەوەی هۆنراوەی کلاسـیك، بەڵکـو لە هۆنراوەی ئازادیشدا خۆی لە بەند و کۆت رزگارکردووە، لە هێندێك باردا گوێی بە ریتمی هۆنراوەکانی نەداوە.

لەو وشـانەی، کە زۆر لەنێـو ئەم دیوانەدا بەرچاو دەکەون و بوون بە وشـەی فەرهەنگی شیئری ئەو، ئەمانەن: ژن، ژنی رووت، کـچ، گەورە کچ (قەیرە کـچ)، کچی عازەب، مەمك، سینگ، ستیان، دەرپێ.

پیـاو، مێـرد. سـەر سپی. باران، هـەور، پەڵـە هـەور، ئـاو. هەنگویـن، درەختـی هەنگوین، کانـی و رووباری هەنگوین و.. وەرزەکانی سـاڵ، بە تایبەتی پایز. درەخـت، داری رووت، داری سێو. گەڵا، گەڵای هەڵوەریو، چڵە نێرگز، گوڵ، یاسەمین، ئینجانە و.. با، کزەبا، رەشەبا، پەپوولە، کۆتر، چۆلەکە. کەناری. رەنگەکان، بە تایبەتی: مۆر، سپی، رەش. پەنجەرە، دەرگە، گۆچان و...

ئـەوەی لـە رێنووسـی ئـەم دیوانـە بەرچاودەکەوێـت بەکارهێنانـی تیپـی(ص، و، ط) بـۆ ئـەو وشـە بیانییانـەی کەوتوونەتە نێو هۆنراوەکانی، هەروەك لە ژێرەوە تۆمارمکردوون. ئەم دوو دەنگـە لە زمانی کوردیدا نین، لەبرێتی ئەوان (س و ت)یّ بەکاردێـن، وا باشـتر بـوو، کە جەلیـزادە وەك گۆکردنە کوردییەکەی بینووسیبا.

قـەناص ل. ٢٥ و ٦٩٦ طاعـون ل. ١٧١ طـاق وەسـان ل. ٤٤٣ نیـو گـەص ل. ٥٥٧ صنـدوق ل. ٥٧٠ پاص ل. ٦٧٤ گەرەکی صەدر ل. ٦٧٦ وەصل ل. ٧١٠ .

❋❋❋

وێنەی هونەری لەنێو دیوانی ژنێك لە جنسی باراندا

وێنـەی هونـەری // وێنەی شـیئری // وێنـەی ئەدەبی بابەتێکـی تازە نییـە، چونکە هەبوونی شـیئر لەسـەر وێنەی هونەری پێوەسـتە.لە سـەردەمانی کۆندا شـیئر بە وێنەیەکی هونـەراوی لێکدراوەتەوە. لەگەڵ سـەرهەڵدانی شـیئردا وێنە هەر هەبووە، بەڵام راڤەی جۆراوجۆری بۆ کراوە.

رەخنەگـران لەکۆندا لـە بواری وێژە و بە تایبەتی شـیئردا هـەر تەنێ بایەخیان بە لایەنی رەوانبێژی، وەك لێکچوواندن، خواستن و درکەیی داوە، لایان بەلای وێنەی هزری، رەمزی، فەلسەفی و دەروونی نەکردووە.

وێنـە لـە هۆنـراوەی نوێـدا برێتییـە لـە ورتـەی نهێنـی خودی شـائیر، دوواندنی دەروونی و کاریگەریکردن لە سـەر هەستەکان. شـائیر هەوڵدەدات، کە پەیڤەکانی رەنگدانەوەی ئـەم چەمکانە بن ، کە تەنێ لە رێگەی وێنەی شـیئرییەوە، ئەو بارەی پێیدا تێدەپەڕێت، دەتوانێت بەرجەستەی بکات.

شەو،

ماچێکی گەرمم،

بە دەسکی پەنجەرەی ژوورەکەتەوە،

هەڵواسی.

تۆ هەر نەتکردەوە.

بەرەبەیان پشیلەیەکی چاوزەرد،

کەمێك بۆنی پێوە کرد و خواردی. (ل. ٥٤٢)

وێنـەی یەکـەم و سـێیەم بە تەنکـراون، وێنـەی دووەم ڕووداوی تێـدا ڕووی نـەداوە، هەرسـێ وێنەکـە تاکن، بەڵام ئاوێتەی یەکتری بوون و وێنەیەکی لێکدراویان دروستکردووە.

جەلیـزادە بە شـائیری ئیرۆتیك، یان شـائیری جەسـتەی ژن و بـە تایبەتـی باخـی سـێوان ناوبانگی دەرکـردووە. وێنە هونەرییەکانـی ئـەم بابەتـەی لەچاو شـائیرانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی زۆر بوێرانەتر بەرجەستەکردووە:

شەو بە ڕووتی دەخەوێ..

مەمکدان و دەرپێکەی،

فڕێ دەداتە،

ئاگردانەوە.

سبەینان،

لە داوەدەزووی کازیوە،

دەیان چنێتەوە. (ل. ١٤٤)

وێنەی شـیئری پێوانەیە بۆ رەسەنایەتی ئەزموونی شیئری هەر شـائیرێك، رادەی كاریگەری لەسـەر گوێگر و خوێنەر هێمای توانای ئەون لەم بوارەدا.

لەنێـو هۆنراوەكانـی دیوانـی ژنێك لە جنسـی باراندا ، زۆر وێنەی شیئری جوان و كاریگەر بە وشەی پڕ لە واتا دارێژراون، بەڵگەن بۆ رەسەنایەتی ئەزموونی شیئری جەلیزادە.

وێنەی شیئری پرۆسەی كارلێكردنێكی ئاڵوگۆركراوە لەنێوان شـائیر و وەرگـردا، جەلیـزادە لـە رێگـەی شـێوازی تایبەتـی خـۆی، توانیویەتـی لەزۆر باردا ئەم پرۆسـەیە سـەركەوتووانە ئەنجامبدات.

ئەو ژنە،
لەوەتەی مێردەكەی سەفەری كردووە،
بە رووتی دەخەوێت.
هەورێكە،
پڕە لە بارینی لەزەت. (ل. ٧٤)

جەلیـزادە لەم وێنەی ژوورەوودا پەنای بردۆتە بەر هونەری لێكچوواندن، كە تێیـدا ژن لێچووە و هەور لەوچووە. هەردوو توخم رووتی و بارین دەیانگرێتەوە.

سـەرچاوەی وێنەی هونـەری جەلیزادە خـودی خۆیـەتی و هـەروا سـەرچاوەی بابەتیش، كە سـوودی لـە كەلەپوور و

بەرهەمی شـائیرانی پێش خۆیەتـی، هەروەك خۆی لە لاپەڕە ٥٦٦ ی دیوانەکەیدا دەڵێت:

«شـیئریش ئالایەکـی لەمێژینـەی نیشـتمانی سـۆز و خۆشەویسـتییە، ئـەم لەوی دیکـەی وەردەگرێت و ئەویش رادەستی ئەوانی دیکەی دەکات ، ئیدی تا هەتا ... شیئر بەقەد ئـەوەی خولقاندنە، بۆ ماوەشـە... بە قووڵی بـڕوام بەم گۆتەیە هێناوە: هیچ داهێنانێك یەك خاوەنی نییە!».

یەکەم: وێنەی جەلیزادە لەنێو دیوانی ژنێك لە جنسی باراندا

راسـتە قوبادی جەلیـزادە لەنێـو دیوانی ژنێك لە جنسـی بارانـدا بـە شـێوەیەکی سـەرەکی وێنـەی ژنـی کێشـاوە و پانتاییەکی زۆری لە دیوانەکەی بۆ جەسـتە، کێشـە، هەسـت و نەسـت، لێکچوواندن و.. رەگەزی مێ تەرخانکردووە، بەڵام لـە هێندێك هۆنراوەدا لەخودی خـۆی دوواوە، کە بەهۆیـەوە جـۆری بیرکردنـەوە و ئـارەزوو، خۆزگە و ئاواتـی لای خوێنەر خۆیادەبێـت و لەهەمان کاتدا کەرەسـتەیەکی بەسـوودە، بۆ لێکۆڵینەوە لەو وێنانەی، کە ژنی تێدا بەرجەستەکردوون.

جەلیـزادە لەنێـو ئەم دیوانەیدا دوو وێنـەی دژ بەیەکی بۆ خۆی کێشاوە، کە هێندێکیان ئەرێنین و هێندێکیشیان نەرێنین.

لە پارچە هۆنراوەی (نوێژناکەم. ل. ٦٣٨) دوو وێنەی دژ بەیەکی، کە یەکێکیان وێنەی ئەرێنی و ئەوەی دییان وێنەی نەرێنییە خستۆتە بەردەست ئێمەی خوێنەر، لە وێنە ئەرێنییەکەیدا پێوەندی خۆی لەگەڵ پەپوولە، گوڵی یاسەمین و کەناری روونکردۆتەوە. ، کە هەرسێکیان لەم هۆنراوەیەدا لە رووی تایبەتمەندییەکانیانەوە هێمان بۆ رەگەزی مێ. ئەم دارشتنە لەگەڵ ئەوەی وێنەیەکی ئەرێنییە، لە هەمان کاتدا وێنەیەکی خواستەییشە، کە شائیر، پەپوولە، گوڵی یاسەمین لێ خواستراو و رەگەزی مێش بۆخواستراون.

پەپوولە لای زۆربەی گەلان ئەفسانەی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی خۆشی و ئاسوودەیی بەخشە. هێمای گەشبینییە و باڵەکانی هەڵگری هەواڵی خێر و دڵرفێنن. پەپوولە لای جەلیزادە خۆشەویستی دەژەنێت، شائیریش لە بەرامبەریدا وەك رەنگە رەنگینەکانی وشەی ئاڵوواڵا بۆ پەپوولەکەی خۆی دەنەخشێنێت. جەلیزادە لەرووی رەچەڵەکەوە خۆی دەباتەوە سەر پەپوولە (ل. ٩٧) هەڵبەت، ئەگەر پەپوولە لای جەلیزادە هێمای رەگەزی مێ بێت، ئەوا ئەو بە رەچەڵەك دەچێتەوە سەر پەپوولە. ئەگەر شائیر لە پەپوولە مەبەستی نواندنی جوانی و خۆشەویستی بێت، چی بە وشە و چی بە رەفتار، لەم بارەشدا هەر دەچێتەوە سەر رەچەڵەکی پەپوولە.

پەیوەندیم لەگەڵ پەپوولەدا، خۆشە..

ئەو،

خۆشەویستی دەژەنێ.

من،

وشە دەنەخشێنم. (ل. ٦٣٨)

گوڵـی یاسـەمین هێمای نەرم و نیانی و ڕۆمانسـییەتە، لە جوانـی و بۆنخۆشـیدا تایبەتمەنـدی خۆی هەیـە. لەنێو زۆر گەلاندا نێوێکی تایبەتیشـە بۆ ڕەگـەزی مێ و هەر گەلە و بە پێی تایبەتمەندی فۆنۆتێکی خۆی گۆی دەکات. جەلیزادە لەم هۆنراوەیەدا لە بارەی پێوەندی خۆی و یاسەمین نووسیویەتی:

لە یەك گەرەکدا پەروەردە بووین، من و

یاسەمین

خوێنەر، کە ئەم دێڕە دەخوێنێتەوە، یەکسەر بیری بۆ ئەوە دەچێت، کەیاسـەمین کچێك بووە و لەگەڵ شائیردا پێکەوە پەروەردەبـوون. دوورنییـە لـە ژیانـی شـائیردا مێینەیەکی وا بـەم ناوە هەبووبێت، بەڵام لێرەدا یاسـەمین لێخواسـتراوە بۆ ڕەگەزی مێ، نیشـانەی خواستنەکەش نەرمونیانی، بۆنخۆشی و سەرچاوەی جوانییە.

کـەناری لەنێو باڵندەکاندا هێمای هێمنی و دەنگخۆشـییە.

بەجۆراوجـۆر و نەخشـینی پەڕوباڵـی نێـودارە. پەلەوەرێکی ماڵییـە، حـەزی لە تەنیایـی نییـە و بەخێوکردنی خۆشـی و ئاسـوودەیی بەخشـە. هەر تەنیـا نێرینەکانیان دەنگخۆشـن چەندیـن ئاواز لەو گەرووە ناسـکەیان دەخولقێنـن. هەر لەم روانگەیـە جەلیـزادە خۆی هێناوەتـە ریزی کـەناری، چونکە ئەویش بۆ رەگەزی مێ دەچریکێنێت بۆیە دەڵێت :

من و کەناری،

دەرچووی یەك پەیمانگەی هونەرین.

شـائیر هـەر لەم پارچـە هۆنراوەیـەدا ئەو وێنـە نەرێنییە دەخاتەروو، کە هێندێك کەس بۆیان نەخشاندووە و دەچێتە نێو خانەی بەدرەفتاری و دەنووسێت:

وێنەی بەدرەفتاری جەلیزادە لەم هێڵکارییەدا نوواندراوە

ژنی خۆشدەوێت — **مەی دەنۆشێت** — **نوێژکەرنییە**

بێ ئەخلاقی من،

هەر ئەوەیە:

ژنم خۆشدەوێ.

مەی دەنۆشم.

نوێژکەر نیم. (ل. ٦٣٨)

وەڵامـی بوێـژ بـۆ ئەوانـەی بەمجـۆرەی ژووروو هەڵـی دەسـەنگێنن، هەر لـە هەمان پارچـە هۆنراوەدا دەربـڕاوە، کە دەوری خـۆش رەفتاری خـۆی بەرامبەر بە رەگەزی مێ بە هێما بەرجەسـتەدەکات، بەوەی دەسـتی گرتووە، تا نەخلیسـکێت، پاسەوانی سینگو بەرۆکی بووە، کە بە هێشووە ترێ دەیانچوێنێت، تا زەنگەسۆرە تێی نەئاڵێن و کچێنی لەدەست نەدەن.

دەستی تیشکم گرتووە نەمهێشتووە،

لەسەر پشتی شەختە بخلیسکێت.

پاسەوانی هێشووە تریم کردووە،

نەك زەنگەسۆرە، کچێنی شەقار کەن. (ل. ٦٣٨)

لـەم چەند دێڕە هۆنـراوەی ژووروودا وێنەیەکی خواسـتن لامان بەرجەستە دەبێت. تیشك: لێ خواستراوە. رەگەزی مێ: بۆخواستراو. هێشووە ترێ: لێ خواستراو. مەمك: بۆخواستراو.

جەلیـزادە زۆر بـە روونـی تیشـکی لـە شـوێنی رەگەزی مـێ و هێشـووە ترێـی لـە برێتی مەمـك داناوە، بۆیـە وێنە خواستراوەکەی ئاشکرا و روونە.

لە هەر کۆپلەیەکی پارچە هۆنراوەی (نوێژناکەم. ل. ٦٣٨) چەنـد وێنەیـەك پێشـاندراون. وێنـەکان وێنـەی ئەرێنی و نەرێنی و خواسـتن و.. دەگرنە خـۆیان و بنیاتێکی کۆپلەیین و هەریەکەیان تەواوکار و روونکەرەوەی وێنە گشتییەکەن.

وێنەی وەرزەکانی ساڵ لای جەلیزادە

شـائیر لە پارچە هۆنـراوەی (ژنێکی بـێ دەرپێیە پایز. ل. ٦٦٠ - ٦٦٢) وێنەیەکـی پایـز دەکێشـێت و لەگەڵیـدا باس لە وەرزەکانی دی سـاڵ دەکات. لەنێو وەرزەکانـدا لە هەرسـێ وەرزی زسـتان، بەهار و هاوین بێـزارە، بۆ هەر یەکەیان هۆی تایبەتـی خۆی هەیە، بەڵام وەرزی پایزی خۆشـدەوێت، نەك لەبـەر ئەوەی پایز تابلۆی فیسـتیڤاڵی رەنگـەکان دەنوێنێت و هەر گەڵایەکی هەڵوەریو سـەربوردەیەکی تایبەتی خۆی هەیە و بـەرەو ژیانێکی نـوێ هەنگاودەنێـت، بەڵکـو لەبەرئەوەی وەرزی خەزانـە، هەڵکردنی رەشـەبای پایزە، کـە لە ئەنجامدا درەختـەکان رووتدەکاتـە، جەلیـزادەش هـەردەم جەسـتەی رووتی رەگەزی مێی لا گەرەکە:

هێڵکاری وێنەی وەرزەکانی ساڵ لای جەلیزادە



چاوەڕێم پایز ..
رووت رووت،
خۆت بدەیتە بەر دووشی باران.
جۆگە ئاو،
چارشێو و
جلك و
پێڵاوەكانت.
راماڵێ و
لەنێو گۆمی وررووژاندا،
نقوومیان كات. (ل. ٦٦٢)

جەلیزادە وەنەبێت هەر لە سێ وەرزی ساڵ بێزار بووبێت، بەڵكو لە هەڵسوكەوتی هێندێك كەس وەرەسبووە، كە خۆیان هەڵدەقورتێننە نێو هەموو وردەكارییەكی ژیانی رۆژانەی. شائیر لەو هەموو یاسا و رێسایانە جارسە، كە لەسەر بنەمای داوونەریت هاتوونەتە ئارا و.. ئەمانە و دەیان نموونەی دی، كە لایەنی كۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و..دەگرێتەخۆی، لەلای ئەو چتی بێزراو و لەبەرچاوكەوتوون. لەنێو پارچە هۆنراوەی (گوجیلە سەگ. ل. ٢١٦ ـ ٢١٩) دا، شتە بێزاركراوەكان یەك لەدوای یەك رێزكراوون و شائیریان ئەوەند هەراسانكردووە، خۆزگەی ئەوە بخوازێت ببێت بە سەگ. كەواتە شائیر لەگەڵ

هەبوونی ئازادییەکی رەهایە.

نە تۆ لە رێکخراوێکی ژناندا، ئێشکت

دەگرت و

نە من چەکم بۆ حیزب هەڵدەگرت.

...

خۆزگە من و تۆ سەگ دەبووین.

دە وەرە با ببین بە سەگ. (ل. ٢١٦ - ٢١٩)

تۆ بڵێیت راکردن لە ئینسان بوون چارەسەربێت؟ سەگیش ئازاد نییە، هەتا لەو وێنانەدا، کە شـائیر بۆ سـەگی کێشاون و دەڵێت:

من و تۆ دوو سەگ بوینایە،

لە گوندێکدا،

لە باخچەیەکی ئاژەڵاندا،

لەناو رانە مەڕێکدا

پێکەوە دەژیاین

...

هەڵبـەت ئەو گوندە بە رانەمـەڕەوە خاوەنێکی هەر هەیە، سەگەکەش دەکرێت بە پاسـەوانی مەڕەکان. سەگە هەردەم چـاوی لە دەسـتی خاوەنەکەیەتـی، تا ئێسـکێك، نانەرەکێك فرێ بداتە بەردەمی. سەگیش ئەوەند بە وەفا و بەینەتە، بووە

بـە نموونە، کاتێ دەگوترێت: لە سـەگ بە وەفـا ترە، چونکە هـەردەم لـە راژە و خزمەتـی ئەو کەسـە دایە، کـە بەخێوی دەکات. کەواتە لە بارەی خۆزگە خواسـتن بۆ بوون بە سەگ، دیسـانەوە کەسەکە لە چەمك و رەفتار و کردەوەدا، نابێت بە بکەرێکی کارا، بەڵکو هەر بە بەرکار دەمێنێتەوە، یانی هەردەم لەژێر تەزوو و کاریگەری یەکێك، یان هێزێکی دییە.

وێنەی نەرێنی

بوێـژ لـە دیوانی ژنێـك لە جنسـی باران دا لـە کەرەتێك زێتـر دان بە خوویـەك (ئەگەرچـی ئەو بە خووی ناژمێرێت) دادەنێـت، کەم کەس هەیە وا راسـتگۆیانە لێی بدوێت، کە ئەویـش درۆکردنـە. شـائیر درۆکانی خـۆی لە راسـتییەکانی بەرامبەرەکـەی خۆشـتردەوێت، کـەواتا چەمکـی هەسـتی درۆکردنـی بـە چەمکی هەسـتی راسـتکردن گۆڕیوەتەوە بە پاسـاوی ئـەوەی ئەگـەر درۆکانـی نەبن، ئـەوا راسـتییەکانی بەرامبەرەکەی دەیانکوژێت. (درۆکانی خۆم. ل. ٥٢).

گوتت موستەحیلە بگەڕێمەوە...
گوتم نا دەگەرێیتەوە!
دەمزانی راست دەکەیت،
بەڵام من درۆکانی خۆم لە راستییەکانی

تۆ،

خۆشتر دەوێ.

شـائیر راشـکاوانە پێمـان دەڵێـت درۆدەکـەم. وادیارە تاموچێژێکـی خـۆش لـە درۆکانـی دەچێژێـت، بۆیـە لـە هۆنراوەی لەپێشـوو باسـکراودا درۆکانی خۆی خۆشدەوێت. لـە هۆنراوەیەکـی دیـدا درۆکانی لـەلا لە ماچ شـیرینترە. ئەو کەسانەی شائیر درۆیان لەگەڵدا دەکات پەلیان بۆ ئەندامانی دەرەوەی خێزانیش هاویشـتووە و راسـتورەوان هۆیـەکانیشـی خۆیادەکات:

وێنەی نەرێنی ـ درۆکردن



...

درۆكردن،

له ماچی ئه‌و ژنه شیرینتره

كه سه‌رڕێژه له هه‌نگوین.

نه‌مكردووه به‌خۆ..

به‌ڵام گه‌لێك جار درۆده‌كه‌م (ل. ٥٤٠)

درۆكردن وشه‌یه‌كی فه‌رهه‌نگی واتاداره. لای شائیر شیرینه، به‌ڵام راده‌ی شیرینێكه‌ی له ماچ شیرینتره. كه‌واتا شائیر درۆكردن به‌راورد ده‌كات و له هه‌مان كاتدا به ماچی ده‌چوێنێت. ماچێك، كه به‌رجه‌ستكراوه به خستنه‌پاڵی دوو وشه‌ی هاوواتای شیرین و هه‌نگوین، كه‌واتا ماچه‌كه شیرینه و هی ژنێكیشه سه‌رڕێژه له هه‌نگوین. لێره‌دا شائیر به‌رێگه‌ی لێكچوواندنه‌وه وێنه‌ی به‌رجه‌سته‌كردنه‌كه‌ی پێكهێناوه.

❋ ❋ ❋

دووەم: وێنەی رەگەزی مێ لەنێو ئەندامانی خێزانی جەلیزادە

جەلیزادە لەنێو هۆنراوەکانی دیوانی نێوبراودا چەند وێنەیەکی ئەندامانی رەگەزی مێی خێزانەکەی کێشاوە، لەوانە:

١. وێنەی نەنکی.

٢. وێنەی دایکی.

٣. وێنەی هاوژینی.

ناوەرۆکی وێنەکان بەپێی ژەمان، شوێن، تەمەن، ئەرك و جۆری پێوەندییان، جیاوازییان هەیە و هەر یەکەی مۆرکی تایبەتی خۆی هەڵگرتووە، هەروەك لەم شیکردنەوانەی ژێروو بەرچاودەکەون:

١. وێنەی نەنکی

جەلیزادەی شائیر زۆرجار بیری لەسەردەمی منداڵی کردۆتەوە. لەو سەردەمەدا بەزۆری وێنەی ئەندامانی خێزانی هاتۆتەیادی، ئەوانەی سەر بەرەگەزی مێن: نەنك، دایك. کچی دراوسێ و دەوروبەریش پشکێکیان لەم یادەوەرییە بەرکەوتووە.

وێنەی نەنکی جەلیزادە لە وێنە هەرە نایابەکانی

دیوانەکەیەتی. وێنەیەك پاك، راست، مرۆڤانە، تژی لە خۆشەویستی بۆ خاك و نیشتمان. وێنەی نەنکێك هیچ خەمی ماڵ و منداڵ و نەوە وپارە و پوول و زەوی وزار و .. نەبوو، تاکە خەمی خۆراکی رۆژانە، خەوتن، گەرما، سەرما و سەرکەوتنی پێشمەرگە دلێرەکانی کوردستان بوو، کە لەسەر بەرماڵ نوێژی دەکرد، داوای لە خودا نەدەکرد، کە لە گوناهەکانی خۆشبێت، کەنەفت و پەککەوتە نەبێت، بەهەشت بە قسمەتی بێت. نەنکی نزای ئەوەی نەدەکرد، کە منداڵەکانی پایەبەرزبن، دەوڵەمەند بن، ملیاردێربن، بەڵکو:

نەنکم
لەسەر بەرماڵە سپییەکەی،
دوعای دەکرد و دەیفەرموو:
خودایە،
کاتێ پێشمەرگە پشوودەدەن،
هەموو رەوەزێك،
بکەی بە لباد و
هەموو بەردێك بە سەرینی لۆکە (ل. ٢٨٠)
...
خۆزگە نەنکی منتان دیتبا.
نا دیتووتانە.

ئەو دەمە لە هەموو ماڵێکدا

نەنکێك هەبوو،

کە لە نەنکی من بچێت. (ل. ٢٨٢)

بوێــژ بەڕێگەی یادکردنی نەنکی یەکســەر ئەو دیمەنەی، کە زێتر لای ماوەتەوە، هی ئەو کاتە بووە، کە نەنکی لەســەر بەرماڵ بووە، نزای بۆ پێشــمەرگە کردووە. شائیر ڕاست دەکات لەســەردەمی نەنکــی ئــەودا و ئێســتەش ڕەگــەزی مــێ بــە گشــتی، زۆر بەپیرۆزی و گەورەیی و خۆشەویستی دەڕوانێتە پێشمەرگە.

لــەم پارچــە هۆنراوەیــەی ژووروودا جەلیــزادە وێنەیەکی نوێــی بــۆ نەنکی کێشــاوە، جیاواز لــە وێنەی جــاران، کە بە ترســنۆك و بێدەســەڵات وێنا دەکرا. وێنــەی نەنکی جەلیزادە وێنەی ژنێکی نیشــتمانخواز و کوردپەروەر، هاوبیر لەگەڵ ئەو پێشمەرگانەی گیانی خۆیان فیدا کردووە بۆ کوردستان.

بوێــژ هێندێکجــار دیمەنی نەنکی دێتــەوە یاد لەو کاتەدا، لە بن ســێبەری هەیوانی ماڵەوەیاندا دانیشــتووە و چایەکی بە کلۆی قەند خواردۆتەوە (ل. ١٨٢) یان ئەو ساتەی لە خانووە شەرقییەکەیان، نەنکی شەڕواڵەکەی بۆ پینە کردووە ل. ٢٠١

❁❁❁

٢ . وێنەی دایکی

وێنـەی دایـك لای جەلیـزادە هێندێکجـار ئامادەییەکـی باشـی هەیە. وێنەکان رەنگە رۆژانە دووبارەببنەوە و ئەو کار و کردەوانە لەخۆیان دەگرن، کە مانای خۆشەویسـتی و سۆزی پاکی هاوژینێتی و دایکایەتییان لێ دەچۆڕێتەوە.

شائیر لە یادکردنی دایکیدا وەسفی هەستپێکراوی دەرەکی دایکی ناکات، وەك رووخسـاری، چـاوی، برۆی، دەمی کەد و بالآی ، بەڵکـو ناخی جوانی بەرجەسـتەدەکات ، کە چۆن لە هەڵسوکەوت و جۆری پێوەندی بە هاوژینی رەنگیداوەتەوە:

دایکم جەمەدانییە شۆراوەکەی باوکم
لەسەر رستی حەوشەکە هەڵبخات (ل. ١٨٢)

لـە پارچە هۆنراوەی (دوبەی. ل. ١٩٨ - ٢٠٢) شـائیر دووره ولآتـە. لە خۆشـترین و بەرزتریـن هوتێل دابەزیـوە، کەچی یەکسـەر شـاری کۆیـەی دێتەوەیاد. لەنێو شارەکەشـدا بەر لە هەموو کەسـێك دایکی، چونکە بۆ ئەو نیشتمانە، ئاسوودەیی ژیانە. لە مێشـك و دڵ و دەروونیدا زۆرجار ئامادەیی هەیە. شائیر لەم هۆنراوەیەدا پشت بە تەکنیکی یادکرنەوە دەبەستێت. شـائیر لە گەرمـاوی ئەو هوتێلـە ٥ ئەسـتێرەیە، یادی جۆری خۆشوشـتنی جارانی دەکات و خۆزگە دەخوازێت ئێسـتەش

هەر بەهەمان جۆر خۆی بشـوات. ئەم گەرانەوەی بۆ رابردوو وێنەیەکی وەسفی نەستەلژێیە بۆ سەردەمێك و بۆ شوێنێك، کە تێیدا هەستی بە ئارامی ژیان و خۆشەویستی دەوروبەری بۆی دەنوێنێت:

لە بڵندترین نهۆمی هوتێلێکی ٥ ئەستێرە
دابەزیوم
کەچی پێم خۆشە بە هەمان فرۆکە،
هەڵفڕمەوە « کۆیە"
بچمەوە ناو خانوێکی شەرقییەوە،
دایکم مەنجەڵێك ئاوم بۆ گەرم کات و
لەسەر شۆرەکەی ، بە سابوونێکی رەقی و
لیفکەیەکی زوورزوور خۆم بشۆم
زرنگەی جام و شڵپە شڵپی ئاو،
بگاتە ئەو دیوی حەوشەکە. (ل. ١٩٩)

جەلیزادە لە پارچە هۆنراوەی (خودا ل . ١٦٣) وێنەیەکی زۆر نایابـی دایکی کێشـاوە، لەوکاتەدا، کە لەسـەر بەرماڵە و کرنووشـی بۆ خـودای خۆی بردووە و نوێـژ ی کردووە، ئا لەو ئان و ساتە پاك و بێگەردەی نێوان دایکی و خودادا جەلیزادە دەڵێـت: چاوم بە چاوی خـودا کەوت. هەروا لەو کاتەشـدا، کە دایکی تەسـبیحی بەدەسـتەوە بووە، نێوی خودای هێناوە،

جەلیـزادە گوێی لە خشـپەی پێی بـووە. بەڵێ لە سـەردەمی منداڵـی ئەودا پێوەندی نێـوان خودا و مرۆڤ پڕ لە ڕێزلێنان و خۆشەویستی و لەسەر ئەم زەمینەدا بێبەرامبەر بوو.

جارێك

لەسەر بەرماڵەكەی دایكم،

چاوم بە چاوی كەوتووە.

جارێكیشیان،

لەنێوان دوو دەنكە تەسبیحی دەستیدا،

من گوێم لە خشپەی پێی بووە.

وێنـەی دایكـی لەسـەر بەرمـاڵ و تەسـبیح لەدەسـت، وێنەیەكـی فۆتۆگرافییـە، بـەڵام ئـەو دوو كردەیـەی ئەو، كە برێتیـن لە چاوپێكەوتن و گوێ لێبوون، وێنەیەكی هەسـتی بینین و بیستنە، كە شائیر لێزانانە وێنای كردوون.

٣ . وێنەی هاوژینی

لەنێو ئەم دیوانەدا هیچ پارچە هۆنراوەیەك بەرچاوناكەوێت، كـە تایبـەت بـۆ هاوژینەكـەی نووسـرابێت، بەڵام بـە پەرت و بـڵاوی لە ناواخنـی هێندێك هۆنـراوەدا هێمای بـۆ كردووە. وێنـەكان كاری ڕۆژانـەی هاوژینەكـەی پێشـاندەدەن، كـە ئەركـی سـەرەكی هەڵسـووراندنی ماڵ بە ئەسـتۆی ئەووەیە. لەم وێنانەدا هیچ پێداهەڵگوتنێك، ستایشـێك، دەستخۆشـی

لێکردنێك ، هاوبیرییەك و.. بۆ هاوژینەکەی بەرچاوناکەوێت، بەڵکو هێندێك جار باس لە هێندێك وردەکاری ژیانی ڕۆژانەی دەکات، کە زۆر تایبەتە بە ژنەوە، پێویست بە باسکردنی ناکات. لە ژێرەوە هێندێك لەم وێنانەی جەلیزادە بۆ خێزانەکەی کێشاونی وەك خۆیان دەخەمەروو:

لەوانەیە ژنەکەم، لە بورجی خەلیفە
بکەوێتە خوارەو و هەپروون بە هەپروون
بێت (ل. ١٨٦)

ژنەکەم سێ کەڵەشێری کوردی خستۆتە
سەر ئاگر و تەشتێك برنجی شتۆتەوە. (ل. ٢٠٧)

فەزاکە زۆۆۆر سنووردارە، باڵکۆنێك و
دوو کورسی و سێ ئینجانەی وەریو،
کە ژنەکەم بیری دەچێت، ئاویان بدات. (ل. ٢٥٨)

ژنەکەم لە هۆڵەکە، گوێ لە ئەلقەی
٩١٠ دڕامایەکی بێزارکەری تورکی
دەگرێت.
کە تیایدا، ژنێکی دەوڵەمەند، کوڕێکی
خوێری خۆشەوێ (ل. ٣٤٤)

بـۆ زێتـر بەرچاوروونـی لـەو وێنانـەی، کـە جەلیـزادە، هاوژینەکەی تێدا بەرجەستەکردوون ئـەم دوو هێڵکارییەی ژێـروو دەخەمـە بەردەسـت، کـە تیایانـدا رادەی پێوەنـدی و جـۆری بیرکردنـەوەی نێـوان جەلیـزادە و هاوژینەکـەی خراونەتەروو:

وێنەی یەکەم

وێـــنـــەی جـۆری پێـوەنـدی نێـوان

جەلیزادە -------- و -------- هاوژینی

شیعر دەنووسێت   بامیە قونچك دەکات

بۆ ژنێك لە گەرەکێکی تر   و گۆرانی دەڵێت

ژنەکەم،

لە مدبەقەکە،

بەدەم قونچك کردنی بامیەوە،

گۆرانی دەڵێ.

من،

شیعر بۆ ژنێك دەنووسم..

ماڵیان لە گەرەکێکی ترە. (ل.٢٣٥)

دوو دنیـای لێك دوور و نامـۆ. دڵنیام لەوەی هاوژینەکەی باش دەزانێـت، کـە جەلیـزادە ژنێکـی لـە گەرەکێکـی دی، کردووە بە کەرەسـتەیەکی بەپیتی پارچـە هۆنراوەیەك، چونکە لـەلای ئێمە هەموو جۆرە کارێك بۆ ڕەگەزی نێر ڕەوایە، بەڵام ئـایا جەلیزادە ڕێگە بـە هاوژینەکەی دەدات، کـە گۆرانی بۆ نێرینەك غەیری ئەو بڵێت، هەروەکو چۆن ئەو شیئر بۆ ژنێك لە گەرەکێکی دی دەهۆنێتەوە؟

وەنەبێـت هـەر لای جەلیـزادە وێنەی نەرێنـی هاوژین کێشـرابێت، بەڵکـو لای هێندێـك شـائیرانی دی هاوچـەرخ بەرچاودەکەون، بۆ وێنە بڕوانە: (بڕوانە : ناز کاکەیـی ٢٠١٧ و ئەورەحمان فەرهادی ٢٠١٧)

❋❋❋

وێنەی دووەم

وێنەی جۆری بیرکردنەوەی

جەلیزادە ------- و -------- هاوژینی

لەسەر پشت پاڵکەوتوون

لەشیان بەر یەکتر ناکەوێت

چاویان بڕیوەتە بن میچ

بیردەکەنەوە

شـــائیر دەزانێت، کە ژنەکەی بیر لەمانە دەکاتەوە:

ژەمی خواردنی سبەی

پارەی ئاووکارەبا

سەردانی بەرگدروو

کڕینی سەوزە و میوە ودەرمان و ...

شائیریش بیردەکاتەوە،

بەڵام ژنەکەی نازانێت لە چی؟

ئـەم هێڵکارییـەی ژووروو، لەبـەر ڕۆشـنایی ناوەرۆکـی پارچـە هۆنـراوەی (تا پەنجـەرە بـە خەبەر دێـت ٢١٢ - ٢١٤) نەخشـاندووە، کـە وێنەیەکـە، دەکرێـت ناوی نامۆیـی لـێ بنێیت و ئەم لێکدانەوەیەش هەڵدەگرێت:

١.جەلیزادە دەڵێت: دەزانـم (ژنەکەم) بیر لەچی دەکاتەوە. شائیر یەك لیستی دوورودرێژ لەو ئەرکانەی ڕیزکردووە، کە بە بۆچوونـی ئەو، ژنەکەی بۆ بەیانی ئەنجامیان دەدات، کەواتە لێرەدا شـائیر لەو کاتەدا، کە لە تەنیشـت خێزانەکەی لەسەر پشـت پاڵکەوتووە و ئەو کاتەش، کـە هۆنراوەکەی هۆنیوەتەوە هـەر بیری لە ژنەکەی کردۆتەوە، بەڵام لای ئەو نەیدرکاندووە. جەلیـزادە ئەوەند باوەڕی بە ژنەکەی هەیە، لێی نەپرسـیوە بیر لە چـی دەکەیتەوە؟ بەڵکـو زنجیرەیەك کاری بـۆ هۆنیوەتەوە. لەوانەیـە ژنەش هەر بیری لە جەلیزادە کردبێتەوە، ئەو پرسـە گەورەی لا دروستبووبێت بۆ جەلیزادە وا هێور و بێدەنگە؟

٢.جەلیزادە دەڵێت ژنەکەم نازانێت من بیر لەچی دەکەمەوە؟

لەبـەر ڕۆشـنایی ناوەڕۆکـی زۆربـەی هۆنراوەکانـی نێـو ئـەم دیوانـە، ژنەکـەی باش دەزانێـت، کـە جەلیـزادە چاوەڕێـی وەدەستخسـتنی هەوێنـی شـیئرێکی نوێیـە، کە لـە بەخەبەرهاتنـی پەنجەرەکانـەوە بۆی دێـت. ، بۆیـە ژنە بە ئاسـوودەیی دەخەوێت و پرخەی دێـت و ئەویش لە دنیای بیرکردنەوە بەجێدەهێڵێت.

ئەو پرخەی دێ

من هەر بیردەکەمەوە...

تا پەنجەرەکان بە خەبەردێن

بیردەکەمەوە.

بەڵام ئەو

نازانێت

من بیر لە چی دەکەمەوە (ل. ٢١٥)

❁❁❁

سێیەم: وێنەی رەگەزی مێ لە دەرەوەی خێزانی جەلیزادە

جەلیـزادە چەنـد وێنەیەکی بۆ رەگەزی مـێ لە دەرەوەی خێزانـی خـۆی کێشـاوە، کـە بایەخێکـی تایبەتییـان هەبووە لەلای. ئەم وێنانە لەو سـەردەمەی ئێسـتادا بەرچاون، بەڵام هێندێکیـان ئەوەنـد نەبوونەتـە ناوەرۆکـی بەرهەمـی بیـری رەگـەزی نێر، لەوانـە: پێشـمەرگەی رەگەزی مـێ، قەیرە کچ (گەورە کچ) و لەشفرۆش.

١ ـ وێنەی پێـشمەرگـەی رەگەزی مێ

لـە دەسـتپێکی پارچـە هۆنـراوەی (خوایە چەنـد جوانە

ئـەو بەرگـە. ل. ٧١١ ــ ٧١٣) جەلیزادە وێنــەی کچێکمان بۆ دەکێشێت، کە ئاشتیخوازە، بەڵام ناحەزەکەی باوەڕی بە ئاشتی و مافــی گەلان نییە، تەنێ شـارەزای زمانی شــەڕە، بۆیە هەر لەسەر رەوتی جارانی خۆی سوپای مەرگی خستۆتەسەر. کچە ناچاردەبێــت، کە پەنا بۆ چەك بەرێت و ببێت بە پێشـمەرگە و جلوبەرگی گەریلا بپۆشێت. جەلیزادە پاشتر دوو وێنەی دژ بەیەکی ئەم کچە گەریلایەمان بۆ دەکێشـێت، هەروەك لەم هێڵکارییەی ژێروو پێشاندراوە:

وێنەی کچێك پێش بوونی بە گەریــلا



ئیدی رەنــــگ ناکــەم نینۆکــم
بــــۆن و عەتــر نادەم لە خۆم.
لە شـــەوی ئەنـگوستە چـــاوا،
هەر دە پەنجەم دەکەم بە مۆم (ل. ٧١٢)

وێنەی هەمان کچ پاش بوونی بە گەریلا

بایەخ دەدات بـــە:

پەنجەکانی — **دەکات بە مۆم**
ئاوێ کانی — **دەخواتەوە**
ئەدیداس — **لەپێدەکات**
جانتای — **پڕە لە فیشەك**

جانتام پڕ دەکەم لە فیشەك
لە جێی ماکیاج و ماسـکارە
رووبـاری خوێنم دەبەخشم،
بـــە گوڵاڵەی ئـەم بـەهـاره (ل.٧١٢)

لەگـەڵ گۆرانـی شـیرازەی ژیان لـە زۆر لاوە. خەباتـی شۆرشـگێرانەی کوردیـش گۆرانـی بەسـەرداهات. جـاران تێکۆشـانی چەکـداری هەر لە ئەسـتۆی پیاواندا بـوو.. ئەمڕۆ چـۆن ئایدیۆلۆژییـا و کەرەسـتەی خەباتکـردن گـۆران، بەمجـۆرەش تێڕوانینـی ئافرەتـی کورد بۆ خەباتـی چەکداری کورد گۆڕانی بەسـەرداهات، ئیتر نایەوێت، هەر بەرکار و بەر کاریگـەری کـردەوەی رەگەزی نێر بکەوێـت و بێوەژن بێت، یان سـێوی. نەخێـر رێگەیەکی پیـرۆزی هەڵبـژارد، ئەویش بوونی بە پێشـمەرگە. جەلیزادە لە پارچـە هۆنراوەی (ئابڕووی ژنیشـە نیشـتمان. ل. ٦٩٦) زۆر بەجوانی ئەم ئەرکە تازەیەی

ئافرەتی کورد دەخاتـەروو، هەروەك لەم هێڵکارییەی ژێرەوەدا بەرجەستەکراوە:

دوو وێنەی دی دژ بەیەکی کچێکی گەریلای





٢ ـ وێنەی کچێك لە قوربانییانی کارەساتی ئەنفال

پارچە هۆنراوەی (زارا. ل. ٦٩٤) لەو هۆنراوە کارتێکەرانەیە، کە جەلیزادە بۆ ڕەگەزی مێی نووسـیوە. ئەو قوربانییانەی هێز کـورد هەر چاوەڕێــی گەڕانەوەیانــن لە بیابانەکانی باشــووری عیراقــەوە. جەلیــزادە لەم هۆنراوەیــەدا باس لە ئاوی ســازگار، هاشــەی چــەم، قووقەی کەڵەشـێر، بانگدانی مەلا، شــلپەی مەشــکەو ...ی کوردســتان دەکات، کــە هــەر هەمــوویان ژیاونەتەوە. جا تابلۆیـەکی نایاب بۆ یادکردنی زارای قوربانی لە لایەن داروەوەنی هەوارگەکەی بۆ دەکێشـێت، هەروەك لەم

هێڵکارییەدا بەرچاودەکەوێت:

وێنەی یادکردنی زارای قوربانی ئەنفال

شمشاڵی　　بۆنی　　ئاوی　　گوانی

شوان　　مێخەك　　کانی　　مەڕەکان

جەلیزادە هەر لەم پارچە هۆنراوەیەدا یەکسەر لەدوای تابلۆی یادکردنی زارا دا، بە وشە ڕەنگینەکانی و بەدارشتنە کورت و پڕ ماناکانی تابلۆیەکی دیمان بۆ دەکێشێت، کە تابلۆی چاوەڕوانییە و ئامادەکردنی ئەو کەرەستانەی لە شارەوە و کڕیویانە و هێناویانە بۆ دێ:

لە شار
جام و شانە
گۆزەی تازەمان بۆ کڕیوی
کەی دێیتەوە:
بێتاقەت نەبووی لە عەرعەر!　　(ل.٦٩٥)

٣ ـ وێنەی رفێندراوانی رەگەزی مێ لە کارەساتی شەنگال

کاتــێ مــرۆڤ دووچــاری ناخۆشــییەك، یان نەهامەتییەك دەبێت، بۆ زاڵبوون بەسەریدا و راهیکردنی، هیچ دەسەلاتێکی نابێــت، روو لــە یەزدانــی مــەزن دەکات. هــەروەك لە پارچە هۆنراوەی (خودا. ل. ٤٩٤) ی جەلیزادە بەرچاودەکەوێت.

جەلیزادە روو لە خودا دەکات و دەڵێت: خودا ئێمە داوای دڵۆپێك باران، لەتە نانێك، بوراقی باڵدار و ساباتی شانشینت لێ ناکەین. جەلیزادە هەموو داواکارییەکانی لە خودای خۆی، تەنێ لە مانەوەی مرۆڤایەتی کورد کورتکردۆتەوە، هەروەك لەم هێڵکارییەدا روونکراونەتەوە

وێنەی داواکارییەکانی کورد لە خودای گەورە



کاتێ لە سەرەتای مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٤ دا چەکدارانی درندە و رەشی داعش هێرشیان کردە سەر شەنگال بە هەزاران ئافرەتی شەنگالیان دەستبەسەرکرد و کردیانن بە سەبایا.

سەبایا: ئەو ئافرەتانەن، کە لە کاتی جەنگدا دەکەونە دەستی موسڵمانان. زۆرجار خاوەنەکانیان زۆر نامرۆڤانە رەفتاریان لەگەڵدا دەکەن، لە دەستدرێژیکردن بۆ سەر نامووس، تا دەگاتە رادەی بازرگانی پێکردن، هەروەك لە چیرۆکی دڵتەزێنی ئەو کچ و ژنانەی شەنگال، کە لە داعش رزگارکراون دەبیستین.

هەر لەبارەی کارەساتی جەرگبڕی شەنگال، لە پارچە

هۆنـراوەی (کۆکردنـەوەی ئاگـر. ل. ٥٠٤) دا ئـەم کۆپلـە هۆنراوەیەی نووسیوە:

کەمێك رووندك،
له چاوی ژنه رفێنراوەکانی شنگال
خڕدەکەمەوە و
دەیدەمەوە بە باران

چوارەم: وێنەی باری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی

لەنێـو دیوانی ژنێك له جنسـی باران دا جەلیزادە تیشـك دەخاتە سـەر چەنـد بارێکی کۆمەڵایەتی، کـە بەلای ئەوەوە گرنگن و لە چەند وێنەیەکدا بەرجەسـتەیان دەکات، لەوانە: ژن کوشتن، قەیرەکچ، لەشفرۆش.

١. ژن کوشتن

ژن کوشتن لەنێو کۆمەڵی ئێمەدا بووە بە دیاردە، هەرچەندە رێکخراوانی کۆمەڵی مەدەنی بەرێگەی هۆشیارکردنی هەردوو رەگـەزی نێـر و مـێ، هەوڵـی بنبڕکردنـی دەدەن، بـەڵام ژن کوشتن هەر بەردەوامە. رەگەزی نێر لەنێو جڤاکی کوردەواریـدا ئـەو مافەی بەخـۆی داوە، کە نێزیـکترین کەسـی خۆی، کە خوشك، هاوژین، یان کچێتی بەنێوی ئاوڕوو لەنێو بەرێت.

هەتا ئێستا توێژینەوەیەکی راستینە نەکراوە، بۆ لێکۆڵینەوە

لــە هــۆی کوشــتنی رەگــەزی مــێ بــە دەســتی نێرینەیەکی ماڵــەوەیان. چونکــە لەگــەڵ لەنێــو بردنیدا هــەردەم رەگەزی مێینەکە لەکەدارکراوە و هۆی تاوانەکەی خراوەتە ئەستۆ. هۆی ســەرەکی بۆ لەنێوبردنی، رەنگە هەر رەگەزی نێرینەی ماڵەوە بێت، بەڵام راشکاوانە لەم بارە نەکۆڵدراوەتەوە.

جــەلــیزادە لەنێو چەنــد پارچە هۆنراوەیەکــدا هێما بۆ ژن کوشــتن کردووە. بــۆ وێنە لە هۆنــراوەی (تــرس. ل. ٣٨) دا بەزاری رەگەزێکی مێ قسەی کردووە و دەڵێت:

پیاوێك تەقەم لێ دەكات

تەقەم لێ دەكات پیاوێك

جەلیــزادە هەر لــەم هۆنراوەیەدا و هەر بــە زاری رەگەزی مێینەوە، پەیڤەکانی ئاراستەی رەگەزی نێر کردووە:

لەسەر تۆیە، كە دەمكوژن، نەك لەسەر

نیشتمان

کەواتە ژن بە دەســتی رەگەزێکی نێرەوە دەکوژرێت، هەر لەســەر رەگەزێکــی نێر. دوو نێر شــەڕیان لە ســەر مێیەکە، نەك پێکەوە هەوڵی ئازادکردنی نیشتمان بدەن، کە بەرێگەی ســەربەخۆیی نیشتمانەوە دەکرێت، دەیان یاسا دابڕێژرێت، بۆ پاراستنی ژن.

شــائیر لە پارچە هۆنراوەی (بێ شــەرەفی لەســەر من. ل.

۲۹۲ و ۲۹۳) ناوی ئـەو کەرەسـتانە دەبات، کـە بۆ لەنێوبردنی ئافـرەت لەلایەن پیـاوەوە بەکاردێت، لەوانە: بـەرد، هەروەك چۆن دوعای پێ شـەهید کرا، تەور، شمشێر و.. جەلیزادە لەم هۆنراوەیەدا بێشەرەفی دەخاتە سەر رەگەزی نێر، چونکە ئەوە زۆرجار بەزۆری، بە هەڵخەڵەتاندن، بە قسـەی شـیرین، یان هەر رێگەیەکی دی دەست بۆ سەر ناموسی کچ درێژدەکات و لـە ئەنجامـدا کچەکـە دەبێت بـە قوربانی بێشـەرەفی ئەو پیاوەی شەرەفی برد.

وەرە با ،
پاکیزەیی لاقەبکەین،
بێ شەرەفی لەسەر من (ل. ۲۹۳)

لەپاڵ باری ژن کوشـتندا، خۆکوشتنیش هەیە، کە بەزۆری ژن بەدەسـتی خۆی، خۆی لەناو دەبات، جا چی بە رێگەی خـۆ سـووتاندن، یان خـۆ خنکاندنـەوە دەبێـت، کـە ئەوەی دووەمیـان ژن و پیـاو پـەنای بۆ دەبـەن. جەلیـزادە لە پارچە هۆنـراوەی (خۆکوشـتن. ل. ٥٠) کەرەسـتەکانی خۆکوشـتنی دەستنیشانکردووە:



٢ . گەورەکچ (قەیرەکچ)

گەورەکچـی لە ئەنجامـی ئـەو کارەسـاتە نەبڕاوانەی یەك لەدوای یەکەی بەسـەر ئێمەی کورددا هاتووە، سـەریهەڵداوە، چونکـە کارەسـاتەکان بـوون بـە مایـەی لەنێوچوونـی یان سـەرهەڵگرتنی رەگەزی نێر. رەگـەزی مێی کۆمەڵی کوردەواری بـە گشـتی وا پەروەردەکراوە، کـە هەر دەبێت ژیانـی خێزانی لەگـەڵ کوردێکدا دابمەزرێنێت، بەڵام لـە بەرامبەر دا پیاوی کـورد بـۆی هەیە لـە هەر نەتـەوە و لـە هـەر دینێکیش بێت خێزان پێکبهێنێت، ئەمە بووە بە مایەی مانەوەی رەگەزی مێ. جەلیزادە لابەلا لە چەند هۆنراوەیەکدا هێمایان بۆ دەکات:

کە تاریك دادێ، قەیرە کچێك،
پەنجەرەی ژوورەکەی دەکاتەوە و
گۆرانییەکی غەمگین دەڵێ. (ل. ٢٧٦)

لـە پارچـە هۆنراوەیەکی دیدا، کە لـە رۆژی لە دایکبوونی لاسـی کچەزایـەوە هۆنیویـەتێـوە، کۆمەڵێك وێنەی کێشـاوە، یەکێکیان بەر قەیرە کچێك کەوتووە:

.. دەرگەی ئەسانسێرەکە
کرایەوە، دڵنیام کچە قەیرەکەی
دراوسێمانە، بە چەند عەللاگەیەك میوەوە
گەراوەتەوە لە بازاڕ (ل.٢٠٦)

بنێشت بە کچە قەیرەکانی دارتوو
دەفرۆشێت،
دارەبەن. (ل. ٢٢٨)

٣. لەشفرۆش

لەشفرۆشی دیاردەیەکی کۆنە. لە کۆمەڵی ئێمەدا زۆر بە چاوێکی نزم سەیری لەشفرۆش دەکرێت و پیشەکەی وەك کردەیەکی بێ رەوشتی هەڵدەسەنگێندرێت، چونکە دەچێتە نێو چوارچێوەی بەدرەوشتی و کاری نایاسایی. زۆرجار لەشفرۆش دووچاری زیندانی دەبێت لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەوە لەوبارەدا ئەگەر لەلایەن نزیکترین کەسییەوە بەردەباران و زیندەبەچاڵنەکرابێت.

لە هێندێك وڵاتاندا لەشفرۆش لەنێو چوارچێوەی یاسادا مافی پارێزراوە، هەردەم لەژێر چاودێری تەندروستی دایە و ژمارەی سەئاتەکانی کارکردنی سنووردارکراوە، بەواتا وەك هەر کارێکی ئاسایی دی سەیرکراوە.

لای ئێمە کردەی لەشفرۆشی بە شێوەیەکی نهێنی هەیە. زۆرجار لەبەر هەر هۆیەك بێت، چاوپۆشی لێدەکرێت و هێندێکجاریش بەنێوی بەدرەوشتی لەشفرۆشان دەستگیر دەکرێن و سزای زیندانیان بەسەر دادەسەپێندرێت. لەدوای

ئازادکردنیان دیسانەوە دەگەڕێنەوە سەر کاروپیشەی خۆیان، چونکە هیچ لایەك نییە، لەکاتی بەندکردنیاندا هۆی بوونیان بە لەشفرۆش چارەسەربکات و سەرلەنوێ ئامادەیان بکات بۆ تێکەڵبوون بە کۆمەڵ.

هەبوونی کاری لەشفرۆشی بەم شێوەیە، زیان بە تەندروستی لەشفرۆش و ئەوانەی پێوەندیشی پێوەدەکەن دەگەیەنێت و هەروا کێشەی کۆمەلایەتیشی لێ دەکەوێتەوە.

جەلیزادە لەچەند پارچە هۆنراوە و لە چەند دێڕێکدا باس لە دیاردەی لەشفرۆشی کردووە. هێندێکجار هاوخەمی خۆی بەرامبەریان نوواندووە، بۆ وێنە لە سەرەتای پارچە هۆنراوەی (لەشفرۆش. ل. ٦٤٣ - ٦٤٥) جەلیزادە دەڵێت:

بۆنی هەزاران پیاوت لێ دەکەم

جەلیزادە لەنێو ئەو هەزاران پیاوانە، پیشەی ٤٠ جۆرە پیاوی تۆمارکردووە. ئەم پیاوانە ئەوەند سەردانی لەشفرۆشەکەیان کردووە، بۆنی ئەوانی گرتووە. بوێژ فیتەر، قەساب، بازرگان و.. تا دەگاتە موختاری گەرەك، دادوەر، رۆماننووس و پەرلەمەنتار و... خستۆتە نێو لیستی ئەو کەسانەی پێوەندییان پێوەی هەیە.

شائیر لەم هۆنراوەیەدا دوو توخمی دژ بە یەکی خستۆتەروو:

یەکەمیان: لەشفرۆش بۆنی هەزاران پیاوی لێ دێت، چونکە جەستەی خۆی تەرخانکردووە بۆ چەند توێژێك لە

کۆمەڵ، تا بەختەوەری و خۆشی جەستەیان پێ ببەخشێت.

دووەمیان: لەشـفرۆش بۆنی هەموو پاکییەك و جوانییەکی لێ دێت، کاتێك دەڵێت:

بۆنی هەموو شتێکت لێ دەکەم..
بۆنی گوڵ
بۆنی پەپوولە
بۆنی پاکیزەیی

کەواتە بە رێگەی ئەم دوو توخمەوە ململانێیەك لەخودی لەشفرۆشـەکەدا خراوەتـەروو، کـە دوو رەگـەزی دژ بە یەکی لەشفرۆشـتن و پاکـی دەنوێنن. مەبەسـتی شـائیر لەمەدا بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، کە ئەم لەشفرۆشـە لـە ناخیدا پاکە، بەڵام رۆژگار ئـەوی گەیاندۆتـە ئەم بارە سـەختەی، کە خۆشـی بە هەموو خەڵك ببەخشـێت، کەچی خـودی خۆی لەگەڵ ئەو بەخشینەیدا رۆژبەرۆژ بەرەو پووچبوونەوە هەنگاوبنێت.

جەلیزادە لە کۆتایی هۆنراوەکەیدا سەرسام دەبێت و دەگاتە پۆپەی ئـەو بارە تراژیدییایـەی ژیانی زۆربەی لەشفرۆشـان کۆتایـی پێدێـت و پرسـیارێکی گـەورە ئاراسـتەی ئـەو ژنە دەکات، کە لەزەت بە هەزاران پیاو دەبەخشێت، دەڵێت:

ئەی بۆ بەردەبارانت دەکەین؟!

ئەزیزم (ل.٦٤٥)

لە راستیدا دەبا جەلیزادە:

ـ ئەم پرسیارەی لەم پیاوانە کردبا، کە جەستەی لەشفرۆش بـۆ لەزەتی خۆیان بەکاردێنن و خۆشـی لە ئـازاری روحی ئەو دەبینن.

لـە پارچە هۆنراوەی (قەحپـە. ل. ١٣٦) جەلیزادە بەراوردێك لەنێوان چێژفرۆشێك و وەتەنفرۆشێك دەکات. بە بیروبۆچوونی جەلیـزادە ئـەو پوولـەی چێژفـرۆش دەسـتی دەخـات، لـە کاروکـردەوەی چاکەدا سـەرفی دەکات، بۆ وێنە دەیبەخشـێتە دایکی، کوڕی، ئەو پیاوەی گەوادی بۆ دەکات، بە خوێندکارێکی هەتیو، بە مشـتێك گەنم بۆ چۆلەکە، بە فیشەکێك بۆ پێشمەرگە و بە مندالانی کوبانێ و پیرەمێردانی شنگال. لە بەرامبەردا ئەم وێنەیەی، کە لـەم هێڵکارییەدا روونکراوەتـەوە بۆ وەتەنفرۆش کێشاوە:

وێنەی چۆنیەتی دابەشکردنی دۆلارەکانی وەتەنفرۆش

بەچڵپاو | بەسەرشۆڕی | بە زەلیلی | بە بێشەرەفی | بە گوو

لـە پارچـە هۆنـراوەی (پێلاوێکی چـەرم. ل. ٥٣٤ - ٥٣٥) شائیر هێندێك وێنەی بۆ ئەو کوڕە هەژارانە کێشاوە، کە لەبەر گڕی بەتینی هەتاو هەڵقرچاون، لە سەرماوسـۆڵەی زستانیشدا سەرمابردووبوون، سەرباری ئەمەش، کە بە شەکەتی دەگەڕێنە

ماڵـەوە دایکوباوکێکـی پەککەوتـە چاوەڕێیانـن و.. کەواتـە ئامانجی شـائیر لە پێشـاندانی ئەم وێنەیـەدا پەردەهەڵماڵینە لەسەر ئەو جەوروستەم و جۆری چەوسانەوەی رۆژانەی ئەم توێژە هەژارە دەیچێژن. شـائیر ئۆباڵی سەرهەڵدان و هەبوونی ئەم بارە بۆ هیچ لایەنێك ناگێڕێتەوە، هەروەك شائیرانی نیوەی یەکەمی سەدەی رابردوو هێمایان بۆ دەکرد و پابەندییان دەکرد بە نەبوونی دادوەری لە دابەشـکردنی سـەروەت و سـامان و دەسـەڵاتی وڵاتدا. جەلیزادە بەمجۆرە سەرمایەی کوڕی هەژار دەخاتەروو:

وێنەی سەرمایەی کوڕە هەژار

مشتێك ئارەقە — لەتەنانێك — چینییەك دۆ — سەگێکی لەڕ

دوای ئـەوەی جەلیـزادە وێنـەی نەداری بۆ کـوڕی هەژار دەکێشـێت، کە وێنەی مرۆڤێکە بێبەشـە لەهەمـوو مافێکی مرۆیی. شائیر بیر لە دوو لایەنی ژیانی توێژی هەژار دەکاتەوە و هەوڵی چارەسەرکردنیشیان دەدات.

یەکەم: چێژی جەستەیی کوڕی هەژار

جەلیـزادە بەرێگـەی تییـان وا لـە ژنـی لەشـفرۆش دەگەیەنێت، کە لەگەڵ کوڕی هەژاردا بنوێت، چونکە ئەگەر خۆی لەشفرۆشـبا هـەر لەگەڵ گەنجی کرێکاردا دەنوسـت و

لەزەتی بەسەدا دەباراند!

لە بن دیواری قوڕ و

لە سایەی تروسکایی چرایەکی کوێردا

جەستەیان شەلال دەکەم. لە بارانی

لەزەت.

دووەم: چاککردنی باری دارایی کوڕە هەژار

جەلیزادە هەر بەوە نەوەستاوە، کە لەشفرۆش بێبەرامبەر چێژ بە کوڕە هەژار ببەخشێت، بەڵکو بیری لە پارە و پوولی ئەو ژنە لەشفرۆشە کردۆتەوە و دیسانەوە بەرێگەیەکی ناڕاستەوخۆ داوای لێ دەکات، کە بەشێك لە پارە و پوولی خۆی لە بن سەرینەکانیان دابنێت، تا پێداویستی خۆیان پێ دابین بکەن:

بەشێك لە گیرفانم دەخەمە بن سەرینە

شڕەکانیان.

تا شووشەیەك دەرمان و

قەمسەڵەیەکی خوری و

پێڵاوێکی چەرمی پێ بکڕن. ل. ٥٣٥

لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان خستۆتەروو، کە زۆربەی هەرەزۆری لەشفرۆشەکان لەبەر هەژاری روویان لە فرۆشتنی جەستەی خۆیان کردووە. جەلیزادە لەنێو هەموو توێژەکانی کۆمەڵدا تەنێ لەشفرۆشی بە کەسێکی مەرد، ئازا،

نانبــدە، لەزەتبەخــش و.. داناوە، بۆ ئــەوەی بەرێگەی ئەوەوە چارەسەری نەداری رەگەزی نێر بکات. کەواتە شائیر بە دید و تێڕوانینێکی زۆر جیاواز و لەنێو کۆمەڵدا نەخوازراو دەخاتەروو بـۆ چارەکردنی هــەژاری. لە بەرامبەر ئــەوەدا چاوەڕێدەکرا لە شــائیر، داوای ژیانێکی سرەوتانەی دوور لە جەستەفرۆشتن بۆ لەشفرۆشان کردبا. نەك نەداری بە لەشفرۆشتن چارەسەرکردبا.

❋ ❋ ❋

پـێـنـجـەم: وێنەی رەگەزی مێ بە گشتی

لای هێندێك شـائیر رەگــەزی مێ هەر ئـەو رەگەزە نییە، کـە پێوەسـتە پێیـەوە و گیـرۆدەی بـووە و بـۆی نالوێت لێی دووبکەوێتەوە. رادەی هۆشـیاری شائیر فراوانتر و بەرئاوەڵەترە لەوەی هەر بە جەستەی ژندا هەڵبڵێت، کاتێك وێنەی گشتی ژنمان بۆ دەنەخشـێنێت، کە لایەنـی کۆمەڵایەتی، ئابووری و رۆشنبیری توانایی بەرجەستەدەکات.

جەلیـزادەی بوێـژ لـە پارچـە هۆنـراوەی (ژن. ل. ٥٢٦) وێنەیەکـی ژن دەکێشـێت، کە جیاوازە لە هەمـوو وێنەکانی دی. ناوەرۆکی ئەم هۆنراوەیە تەرخانکراوە بۆ هێز و توانای ژن، هەڵبـەت نەك لە رووی توانای جەسـتەیی، بەڵکو لە لایەنی بیرمەنـدی و ژیری و لێهاتوویی، چونکـە هەر خاوەن هزری پاك دەتوانێـت ئـەم کردەوانـە ئەنجامبـدات، کـە لەنێو ئەم هێڵکارییەدا روونکراونەتەوە:



هەر بە تۆ دەکریّ
دووپشك بكەی بە پەپوولە.
بەرسێلە پڕ کەی لە هەنگوین
قەتماغە ببەخشیتە برین.
ئاگر چەك بكەیت و شەڕ بوەستێنیت.
لانە چێکەیتەوە بۆ ئەڤین
هەر بە تۆ دەکری (ل. ٥٢٦)

شائیران لەنێو هۆنراوەکانیاندا زۆرجار باڵندەکانیان کردووە، بە هاوبەشی خەمیان، خۆشیان، نامەبەریان و .. کۆتر یەکێکە لـەو باڵندانەی بۆ مەبەسـتێك زێتر لەنێو هۆنـراوەی کوردیدا ناوی هاتووە. کۆتر بە نسکە و ناڵین و میهرەوانی هەروا نەرمی و باریکـی هێمـای بـۆ کـراوە. جەلیزادە لـە پارچـە هۆنراوەی (فـریادرەس. ل.٤٦١ و ٤٦٢) ناوی کۆتر دەبات وەك هێمایەك بۆ ئاشتی، چونکە وا باوە، کۆتری سپی نیشانەی ئاشتەواییە. شائیر ژنی بەو هێزە بەهێزە بەو داخوازکاری ئاشـتییە پێشانداوە، کە لـە کۆتر بە تواناترە بۆ بەرپاکردنی ئاشـتی و کۆتایی هێنان بە شەڕ:

کۆتر،
هیچی لە دەست نەهات،
هەر درێژەی هەیە شەڕ.

وەرە تۆ فریادرەسمان بە،

ئەی ژن. (ل.٤٦٢)

شـائیر لە هێندێك هۆنراوەی دیـدا هەر باس لە گەوهەری ڕەگەزی مێ دەكات بەگشتی. هۆنراوەی (ژنێك لە جنسی ئاو. ل. ٤٦٥ - ٤٦٩) دا كۆمەڵێك وێنە دەنوێنێت، بەڵام سـەرجەم وێنەكان تێكڕا یەك مەبەسـت دەگەیەنـن، كە ئەویش ژنە و ئەو ژنەش وەك ئاو تەنكە، تەڕ و لووسـە، بۆی ناگیرێت، یان تریـفە و ڕووناكی چلچرایە بە هیچ جۆرێك بۆی كۆناكرێتەوە:

وێنەی ڕەگەزی مێ بەگشتی لای جەلیزادە لەمانە دەچێت



...

كە ماچم كردیت،

ئیتر كەس نەیناسیمەوە.

لە بیبانەوە،

بووم بە هەور.

...

دوای هەموو ژوانێكی تۆ،

ماڵەکەم دەگوێزمەوە باخ،
ئاخر،
دەبم بە درەخت. (ل.٤٦٧)

له پاڵ ئەمانەشدا هەموو جەلیزادە دیسانەوە بە شێوەیەکی گشتی لە ژن دواوە، بەلام ئەمجارەیان لەوباری جووڵە، هەروەك لەم هێڵکارییەدا دیارە:

وێنەی ژن لەباری جووڵاودا



ئەو ژنە
کە بەپێوەیە، درەختە.
...کە ڕێدەکا، شنەی عەتر.
کە دادەنیشێ، بنکەگوڵ
کە ڕادەکشێ، ڕووباری شیر. (ل.١٤٢)

شەشەم: وێنەی رەگەزی مێ لە دنیای خۆشەویستی جەلیزادەدا

بابەتی خۆشەویستی لای جەلیزادە و زۆربەی هۆنەرانی دی پێوەندێکی بەتینی بە ئافرەتەوە هەیە. شائیر هەوڵیداوە لەنێو ئەو هۆنراوانەی دەچنە نێو ئەم باسەوە، ئازادانە رای خۆی دەرببڕێت. لەنێو فەرهەنگی وشەکانیدا ئەم پەیڤانە هەڵبژێرێت، کە دنیایەك بێنێتە ئارا خۆشەویستییەکی بێسنوور و بێ بەربەست و رەها رەنگبداتەوە.

وا دیارە جەلیزادە لە بەرنامەی ژیانیدا نەبووە، کە گیرۆدەی هیچ کەسێك بێت، یانی نەیویستووە ببێت بە ئاشق، کەچی دووچاری ئەشق بووە. لەئەنجامی ئاشقبوونیشدا هیچ ئارەزووی نەکردووە لە ئەشق جودابێتەوە:

شتێك،

کە هەرگیز نەمدەویست تووشی بم

عەشق بوو

شتێك،

کە قەت قەت نامەوێ لێم جودابێتەوە

عەشقە. (ل.٧٠٤)

ئەم چەند دێرەی ژووروو دوو وێنەی دژ بە یەکی گرتۆتە

خۆی. وێنەی یەکەمیان نەویستنی رووداانی تووشبوونی بە ئەشقە. وێنەی دووەمیان لەدایکبوونی رووداوە نەخوازراوەکەی وێنەی یەکەمە ، بەڵام لەوەیاندا نایەوێت هەرگیز لە ئەشق جودابێتەوە.

دووچاربوونی شائیر بە داوی خۆشەویستی و گەیشتن بە پلەی ئاشقبوون، ئەوەند کاریگەری دەبێت، ئەویش وەك شائیرانی پێش خۆی خۆزگەی ئەوە بخوازێت لێی نێزیکبێتەوە و هەردەم لەبەر چاوی بێت، هەتا لەو بارانەشدا، کە کتێبی دەخوێندەوە:

خۆزگە کتێب پەنجەرە دەبوو

هەرکە دەمکردەوە،

تۆم تیا ئەدی. (ل.٣٦٩)

شائیر وێنەیەکمان بۆ دەکێشێت، کە بەر هەستی بینین دەکەوێت، بەڵام لێرەدا دووجۆرە بینین خۆیان دەنوێنن: یەکەمیان بینینی نووسراوی نێو کتێب، کاتێك ، کە دەیکاتەوە. دووەمیان: بینینی ئەو کەسەی خۆشی دەوێت. هێندێك ئاشق هەردەم خۆشەویستەکەیان لەبەر چاوە، هەتا لەنێوان دێڕی نووسراویشدا بەدی دەکەن، بەڵام شائیر ئەوەی تێدەپەڕێنێت، ئارەزوو دەکات، کتێبەکەی پەنجەرە با و یەکسەر خۆشەویستەکەی تێدا بەرجەستە کردبا.

جەلیزادە ئەمجارەیان هەستی بیستن بەرجەستەدەكات. پێكەنین و پشكوتن بە یەك دەچوێنێت. پێكەنین كردەیەكی مرۆییە و پشكوتنیش كردەیەكی سروشتییە، جەلیزادە لە هەردوویان وێنەیەكی زیندوو دەكێشێت:

گوێم لە سرتەسرتی پشكوتنی گوڵەكانە:

كە پێدەكەنیت. (ل. ٣٧٢)

هێندێكجار كەسی ئاشق دەیانجار بیردەكاتەوە، چی بە خۆشەویستەكەی بڵێت، كاتێك دەیبینێت. جەلیزادە لەنێو ئەو شتانەی، كە دەیەوێت لای بیدركێنێت، ئەمەیانە:

زۆر شت هەن، پێتی بڵێم

بۆ نموونە

خۆشمدەوێی (ل.٣٧٣)

پارچە هۆنراوەی (سپیدە. ل. ٩٦٣) ئەوە بەرجەستەدەكات، كە خۆشەویستی كاریگەری ئەرێنی لەسەر باری جەلیزادە هەبووە، بۆیە شەورۆژی لێ بووە بەرۆژ، بەتایبەتی كاتی سەرلەبەیانی:

بە ئێوارەم گوت،

بەیانیت باش.

پێكەنی..

+ ئاخر ئەو نازانێت

لەوەتەی تۆم خۆشویستووە

هەموو کاتەکانی من،

سپیدەن. (ل.٦٩٣)

جەلیـزادە لە پارچە هۆنـراوەی ژنێك لە وەزارەتی بەرگری کاروپیشەی ٣٦ ژن هەڵدەدات، کە هەر هەموویان خۆشیان دەوێـت! ژنـەکان کاری جۆراوجـۆریان هەیـە، لەوانـە: لـە وەزارەتـی بەرگـری، لە دادگـە لە یەکێتی ژنان، لـە تۆمارگەی خانووبـەرە، لـە بانـك، لـە بەڕێوەبەرایەتـی ڕۆشـنبیری و.. کاردەکەن. ئەو ژنانەی خۆشـیاندەوێت، هـەر چوار پارچەی کوردستانی لە خۆگرتووە، ڕۆژئاوا، ڕۆژهەلات، باکوور و باشوور، جەلیـزادە لەبیـری نەچووە، هەتا ئـەو ژنەی لـە فرۆکەدایە و لەناو هەورەکاندا سەفەردەکات، هێمایەکی بۆ بکات. ژنەکان لـەڕووی ئابوورییـەوە دارا و نـەدارن، لـەڕووی کارەوە کارا و بێـکارن. ژنی ماڵ و کارمەندیشـیان تێدا هەیە. ئەو ژنانەشـی بێبەش نەکردووە، کە بە نهێنی نووکەیەکی بۆ دەکەن و هەروا ئەوانەی لە هاوژیانەکانیان بێزارن. ل. ١٩٠ ـ ١٩٢

ئـەم ٣٦ ژنـەی جەلیـزادە بە وشـە وێنـەی بۆ کێشـاون، زۆربەی توێژەکانی کۆمەڵ لە ڕەگەزی مێ لە خۆی دەگرێت، هەر هەموویان خۆشیان دەوێت، بەلام با بزانین جەلیزادە چ جۆرە ژنێکی خۆشـدەوێت، ئایا هیچ کام لـەم ٣٦ ژنە دەچنە

نێو ئــەو چوارچێوەیەی، کە وێنەی خۆشەویســتەکەی خۆی تێدا چەسپاندووە؟



شــائیر لــە پارچــە هۆنــراوەی (پیرەمێــرد. ل. ٣٥١) وێنەی بەردەوامبووی دنیای خۆشەویســتی دەکێشێت، لەم وێنەیەدا خۆشەویســتی خــۆی بەرامبــەر بــە رەگەزی مێ بەرجەســتە ناکات، بەڵکــو وێنــەی ئــەو ژنەمان دەخاتە بەردەســت، کە چــۆن گیــرۆدەی دەبێت و پویتــەی پێــدەدات و خزمەتێکی لەرادەبــەدەری دەکات، هەتا لــەدوای دواماڵاوایکردنیشــیدا هەر یادی دەکات:

بەرەبەیانێك دەمرم...
کراسێکی سووری خۆی دەکا بە کفن.
لەنێوان مەمکەکانیدا، دەمنێژێت.
شیعرە پەرش و بڵاوەکانم خرِدەکاتەوە.
لە دوو تۆی بەرگێکدا، چاپیان دەکات.

و

ناوی دەنێ،

(ئاوا مەبە ئەی خۆر!) (ل.٣٥١)

جەلیزادە لە نوێنەرایەتیکردنی دەربڕینی دەنگ، ڕەنگ، هەست و نەستی ژندا بۆ خودی خۆی (شائیر) هەر بەردەوامە و بە دڵنیاییەوە وێنەی بۆ دەکێشێت، هەروەك لەم هێڵکارییەی ژێرەوەدا دیارە:

وێنەی ڕادەی خۆشەویستی ژن بۆ جەلیزادە



ژنێك،

پرچە سپییەکەمی خۆشدەوێ،

تاڵ تاڵی لە پەنجە لووسەکانی خۆی

دەئاڵێنێت و

ماچی دەکات. (ل. ١٢٥ - ١٢٦)

شائیر لە پارچە هۆنراوەی (ترێ. ل. ٣٢٨) دا ئەوە دەدرکێنێت، کە مرۆ لەدوای مردنیشی لەم گەردوونەدا

هەبوونـی هەر دەمێنێت، بـەڵام لە بارێکی دیـدا، بۆیە وای بـۆ دەچێـت، کـە دەبێت بـە داری مێـو. کەواتە لـەم پارچە هۆنراوەیەدا شائیر سـیفەتی مرۆیی بە داری مێو دەبەخشێت و سـیفەتی خۆی وەك مرۆڤێك خسـتۆتە سەر داری مێو، یانی کردوویە بە کەس.

لەلایەکـی دییـەوە پێوەندی خۆی بە ئافـرەتان بەرێگەی پێدانـی سـیفەتی مرۆیی بـە دار بەرجەسـتەدەکات. شـائیر دەیەوێـت ئەوە بڵێـت، کە من هـەتا ئەگەر ببم بە بەشـێك لەم سروشـتە، ئەوا ژن لەژێر سـایەم پشوودەدات. خۆشی لە هەبوونم دەنۆشێت و سوود لە بەرهەمم دەبینێت.لێرەدا دەوری بەمجۆرەی لەم هێڵکارییەدا دیارە، دەخاتەروو:

رۆڵی ژن لەو بارەدا، کە شائیر دەبێت بە داری مێو



خۆشەویسـتی هەر لەو بارە ئەرێنییـەی نامێنێت، بەڵکو رەشـەبای لێکترازان و لێك دوورخستنەوە روویان تێدەکات و شـائیر هەسـت بە مایەپووچبوونی دڵداری دەکات. بێئومێدی دەیگەیەنێـت بـە هەوڵـدان بـۆ خـۆ لەناوبـردن بـە چەنـد رێگەیەکی سـەیر، هەروەك لـە پارچە هۆنـراوەی (کەرەتێك

بـه نارنجـۆك. ل. ٤٢١) دا باسـیان دەكات، لەوانـە: خواردنی دەرمانی مێشـككوژ، بە كۆسـەرەی ئاسنگەر، بە ماشینەوە خۆ هەڵدێـران و.. جا لەوەتـەی ئەم ژنەی خۆشویـستووە، دەیان جـار هەوڵیداوە بـەم رێگایانەی لـەم هێڵكارییەی خوارەوەدا هاتووە خۆی بكوژێت:

رێگەكانی هەوڵی خۆكوشتن

بەچەقۆ — **بەگریان** — **بە پەت**

شـائیر لەم پارچە هۆنراوەیەدا لە كێشانی وێنەی بێئومێدی و لەنێوچوونی بەهای خۆشەویـستی راستینە، هەر بەردەوامە و لـە تەكنیكێكی دی خۆلەناوبردن دەگەرێت، كە ئەمیان بە دەسـتی خۆی نەبێت، بەڵكو بە دەسـت ژنێكی لەشفرۆش و سەرخۆشـەوە بێت. لەم وێنەیەدا بـە لەنێوچوونی خۆی دوو ژن گوناهبار دەكات:

گەرەكمە ئەم جارە شیرینتر خۆ بكوژم ..
دەمانچەیەك دەدەمە دەست، قەحپەیەكی
سەرخۆش و
تكای لێدەكەم تەقەم لێ بكات. (ل. ٤٢٢)

شـائیر ئەوەند گیـرۆدەی ژنـە، بۆیـە ئـارەزوودەكات، كە لەنێوچوونیشی بەدەستی ژن بێت، لەم بارەدا دوو ئافرەت بێ

ویستی خۆیان دووچاری خۆکوشتنی ئەو دەبن:

یەکەمیان: ئەو ژنەی خۆشی دەوێت، کە بە ئاوڕ لێنەدانەوەی، شائیری بەرادەیەك بێئومێد و خەمۆکی و بێدەسەڵات کردووە، گەیاندوویەتە ئەندازەی خۆ کوشتن.

دووەمیان: ئەو ژنە لەشفرۆش و سەرخۆشەی دەمانچەیەکی دەداتە دەستی، تا تەقەیەکی لێ بکات و لەناوی بەرێت، بیکات بە پیاو کوژ، چونکە لە زۆر باردا لەشفرۆشی و سەرخۆشی، مرۆ دەگەیێنێتە مرۆکوژیش.

ئەو خۆشەویستییەی جەلیزادە لەبەرامبەر ژن دەینوێنێت، ئەو خۆشەویستییە رۆمانسییەی جاران نییە، کە هەست و سۆزی لەنێو ئەندێشەیەکی بەرفراواندا دەبزوانـد، بەڵکو رەنگدانەوەی ئەزموونی ژیانی هاوچەرخی خۆیەتی. بۆیە وشەی فەرهەنگی شیئری و وێنەکانیشی سەردەمی خۆی دەنوێنن.

لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا شائیر وێنەیەکی جەستەیی، تێکەڵ بە هەستی خۆشەویستی کردووە:



من پێیەکانتم،
لە دەست و پەنجەکانت
خۆشتر دەوێ. (ل.١٧٦)

❋❋❋

هـەوتـەم: وێنەی باران و جەستەی رەگەزی مێ

جەلیـزادە لەنێـو ئەم دیوانەیـدا زۆر باسـی باران دەکات، نەك لەبەر ئەوەی وەك دیاردەیەکی سروشت سرنجی راکێشاوە و چێـژی لێ وەرگرتـووە، یان لەبەرئەوەی خۆشـی لەو دڵۆپە بارانانە بینیوە، کە بەر جەستەی کەوتوون و رووخساریان سوور هەڵگەرانـدووە. هەروا نەك لەبەرئەوەی گوێی لەو سـمفۆنیایە گرتـووە، کاتـێ تنۆکەکانـی باران بـەر پەنجـەرەی ژوورەکەی کەوتوون، بەڵکو ئەو لەو بارەدا بارانی بە میز چوواندووە:

پۆل پۆل هەور تێدەپەرن
کە دەگەنە بەر پەنجەرەکە پانتۆڵەکانیان
دادەکەنن و میزدەکەن (ل. ١٩٨)

لـە پارچـە هۆنراوەیەکـی دیـدا جەلیـزادە هـەر لـە بواری لێکچواندنـدا وێنەیەکـی زۆر جیـاواز لـەوەی پێشـوو بەرجەستەکردووە، یاری بە باران چوواندووە:

باران نییە، ئەوە تۆی،

تك، تك و

نمه، نمه

دەباریت،

ئەی یارترین یار. (ل. ٧٢)

جەلیزادە ئەوەندە خۆی لـە باران نێزیـککردۆتەوە، ئەوەند تێکـەڵاوی بووە، گەیشـتۆتە بیرۆکەی ئـەوەی دەبا ناوی باران بووبا، نەك قوباد، چونکە قوباد کوڕی هەورە:

دەبوایە ناوم «باران» بوایە نەك «قوباد»

ئـاخر لە رەچـەڵەکـدا، ئەمـن کـوڕی هەورم! (ل.٥١١)

کەرەتێك تۆ بووی بە هەتاو و

من بە سێبەر،

وەلێ لەپڕ باران دایکرد و

تێکەڵی کردین (ل. ٤٨٢)

وێنـەی باران دەکێشـێت، نـەك لەبـەر ئـەوەی وەکو ژن مایـەی پیـت، هـات، ئەفراندن و مایـەی خۆشـگوزەرانییە، بەڵکـو هەر لەبەر ئەوەی باران رووتە و جەلیزادەش شـێت و شەیدای جەستەی رووتی ژنە.

هەر جارێك دەنگت دەبستم،

تەڕتەڕ دەبم،

تۆ ژنێکی لە جنسی باران (ل. ٤٨٥)

مەبەستی لە لەزەتی جنسە:
کزەبا.
وڕوژا هەور،
دەرپێکەی داکەند و
دڵۆپ
دڵۆپ
بارانی لەزەتی
ڕژاندە سەر سمتی باخ **(ل.٦٦٩)**

❋❋❋

هەشـتەم: وێنەی جەستەی ڕەگەزی مێ

خۆشەویـستی لای جەلیـزادە بـواری گفتوگـۆی ڕۆحـی بڕیـوە و چـووە بۆ نێو قۆناخـی گفتوگۆی جەسـتەیی. ژن وەك بووکەشووشـەیەکی بێ هەسـت و نەسـتی لێهاتووە. هیچ بۆن و بەرامەیەکـی خۆشەویـستی لێ ناپرژێـت، چونکە جەلیزادە سـنووری پێداهەڵدانـی ئاسـایی و دڵـداری بڕیـوە و بەنێـوی خۆشەویستییەوە پێوەندییە نهێنییەکانی جەستەیی درکاندووە، جەستەی ئافرەتی بە تایبەتی مەمکی بە ئارەزووی خۆی کردووە بە ئامانج و بەبێ هیچ سانسـۆرێك لە هەر بۆنەیەکی بۆی لوا بێت خستوویەتە نێو تێکستی هۆنراوەکانی خۆی.

وێنەی رووتبوونی رەگەزی مێ دەبێت بە مایەی



هۆنراوەکانی جەلیزادە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، کە لەنێو بوێژانی سەردەمی خۆی جیاوازی دەکاتەوە. زۆربەی هۆنراوەکانی وەك چەند تابلۆیەك وان، کە جەستەی ژن بە رووتی بەرجەستەدەکەن. ئەم جۆرە هۆنینەوە لای هەڵبەستوانانی هاوچەرخی خۆی کەمتر بەرچاودەکەوێت.

لەنێو هۆنراوەی کوردیدا بەتایبەتی فۆلکلۆری، زۆر ناوی مەمك هاتووە، بە چەند میوەیەکی وەك سێو، لیمۆ، نارنج، بێ، هەنار و.. چوواندراوە. ئێستەش رۆژانە تاکی ئێمە بەو گۆرانیانە مێشکی زاخاوەدرێت، کە بەسەر جوانی جەستەی ژن هەڵدەڵێن و مەمکی ئافرەتانیش پێشەنگی پێدا هەڵگوتنەکەیە. هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، کە مەمك دیارترین و لەبەرچاوترین ئەندامی جەستەیە.

لەگەڵ ئەوەی مەمك سەرچاوەی بەخشینی ژیانە بۆ کۆرپەی ساوا، لە هەمان کاتدا هەر ئەم ساوایە لە گەورەبوونیدا، هەر بەیادی سەردەمی منداڵی، خۆشی لە مەمك دەنۆشێت، کە دەتوانیت دیسانەوە ناوی بەخشینی ژیانی لێ بنێیت، بەلام

بە تام و چێژ و هەست و نەستێکی جیاواز.

لەنێو ئەو هۆنراوانەی جەلیزادە، کە بە جەستەی ئافرەتدا هەڵدەڵێت، بەشێوەیەکی سرنجراکێش هێما بۆ مەمك دەکات. دوورنییە ئامادەیی مەمك لەنێو هۆنراوەکانیدا هەر تەنێ حەز و خۆشەویستی و چێژوەرگرتن لەو بەشە جوانەی جەستەی رەگەزی مێ نەبێت، بەڵکو لە ناخەوە سۆزێکی گەرانەوەی بۆ سەردەمی منداڵیدا تێدا هەبێت، هەر بۆیەیە ئەو هەموو وێنانەی بۆ باخی سێوانی ژنان نەخشاندووە.

جەلیزادە لە وێچوواندنەکانی مەمك لەگەڵ ئەوانەی پێشووی خۆیدا جیاوازی هەیە. رەنگە بگوترێت جەلیزادەش وەك ئەوانەی پێشوو لە هێندێك شوێندا مەمکی بە سێو چوواندبێت، بەڵێ راستە، بەڵام لەمەشدا جیاوازییەکی دیار لە بەکارهێنانیدا هەیە، چونکە کە باس لە سێوی بەهەشت دەکرێت، کە بەهۆیەوە هەواو ئادەم لە بەهەشت دەردەکرێن، هەر دەڵێن سێوی هەوا، کەچی جەلیزادە، ئەم فرێزە ساوە و باوە بەکارناهێنێت و هەوای لێ دووردەخاتەوە و بە سێوی ئادەمی نێودەبات، هەتا ئەگەر مەبەستی شائیر ئەوە بووبێت، کە خاوەنی سێوی رەگەزی مێ هەر ئادەمە:



بوێژ لە بەرجەسـتەکردنی باخی سـێوانی رەگـەزی مێدا، ئاوڕ لەو کەرەسـتەیەش دەداتەوە، کە پێوەندی راسـتەوخۆی پێـوەی هەیە، وەك سـوتیان، کـە ئەویش هـەر وەك مەمك لە زۆر هۆنـراوەدا هێمای بۆ دەکات. جەلیزادە زۆر وەسـتایانە سـوتیانی لەگەڵ وشـەی شـیئر رێکخسـتووە و بۆ ئـەم بارە مەزراندوویەتی، هەروەك دەڵێت:

ستیانی شیئرێکم دانەکەند و.. (ل. ٤٣١)

یان خستوویەتە نێو پەیڤەکان و لاپەڕەکانی کتێب:

...

کەچی جاجار زویر دەبوویت

ستیانی پەیڤەکانت دەبەست و

دوگمەی لاپەڕەکانت دادەخست. (ل.٤٨٣)

شـائیر لـە هەموو بارێکـدا بایەخی بـە سـوتیان داوە، بە لەبەرکردن، بە تەڕی و هەڵواسینی لەسەر تەناف و.. رەنگەکانی سـوتیان زۆر سەرنجی شائیری راکێشاوە، بۆیـە زۆرجار لەگەڵ باسکردنیدا رەنگەکەشی خستۆتەپاڵ:

وێنەی رەنگەکانی سوتیان

نیلی — مۆر — رەش — پەمەیی — پیازی — زیوی

ئەو هەموو پێداهەڵگوتنەی جەلیزادە بە سوتیانی ژنان، ئایا دەگاتە رادەی هەستکردن بە بۆن و بزواندنی بەرامبەرەکەی، هەروەك لەم دێڕە هۆنراوە فۆلکلۆرییەی ژێرەوودا هاتووە:

خۆم بە خوڵامی سوخمەی کۆنی
وەك مێخەکبەند دەڕوات بـۆنی

❋ ❋ ❋

نـۆیـەم: وێنەی خۆیاکردنی پێوەندی نهێنی لەگەڵ رەگەزی مێ

جەلیـزادە زۆر راشـکاوانە ئامـاژە بۆ دۆخێـك دەکات، کە هـەتا ئێسـتا هیچ شـائیرێکی پێش خـۆی لێی نـەدواوە. ئەو دۆخـەی ئەو هێمای بۆ دەکات، لەنێو کۆمەڵدا هەیە، بەڵام بە شـێوەیەکی زۆر نهێنی. جەلیزادە لەنێو ئەم دیوانەیدا چەندین جار پێوەندی رەگەزی نێر بە ژنی مێرددار دەخاتەروو.

هەڵبەت شائیرانی پێش جەلیزادەش بەو بارەدا تێپەڕیون، بـەڵام ئەوان خـۆیان نەکردووە بە بکـەری رووداوەکە، ئەگەر شیئیرێکیشـیان پێدا هەڵگوتبێت، ئەوە بە یار، خۆشەویست،

دڵدار و.. نێویان بردووە.

پێوەندی شـائیر بەو جۆرە ژنانە، گەیشـتۆتە رادەی ئەوەی چاوەرێبـکات، کە لەماڵی خـۆی نەمرێت، بەڵکو لە ژووری نوستنی ژنێك، کە بە فەرمی ژنی ئەو نییە:

من لە ماڵێك لاردەبمەوە، ماڵی پیاوێکی

ترە.

لە ژووری نوستنی ژنێك دەمرم،

لە قۆخێکی گەییو دەچێت.

ولا تدری نفس بأی أرض تموت (ل.٤٦)

جەلیـزادە زۆرباش دەزانێـت، کـە ئـەم جـۆرە پێوەندییە نائاسـاییە، کارێکـی ترسـناکە و ئەنجامێکـی باشـی لـێ ناکەوێتەوە، بۆیـە دەڵێت:

تۆ هی پیاوێکی تری، من هی ژنێکی تر.

من مینێك، لەبەردەم ماڵەکەتاندا، دەچێنم.

تۆش لەبەردەم ماڵەکەی مندا،

لوغمێك (ل. ٥٣)

شـائیر لـە کۆپلەیەکـدا بـە زاری ژن قسـەدەکات، کە لە ماڵەوە کەشوهەوایەکی لەباری هەیە، بۆئەوەی پێکەوەبن:

وەرە هەر ئێستا وەرە

تەنیام

مێردەکەم چۆتە گورجیا.

منداڵەكانم سەفەریانكردووە بۆ

كەنارەكانی ئەنتالیا (ل. ٢٠٣)

لە وێنەیەكی دیدا جەلیزادە بارێك دەخاتەروو، كە پێوەندی رەگەزی نێر و ژنی مێرددار ئەوەند پتەوە، كاریگەری لەسەر هەڵسوكەوت و رەفتاریشی كردووە، بۆ وێنە مەشرووبی پێ قەدەغە كردووە. هەر بەوەش نەوەستاوە، كە خۆی خزاندۆتە نێو ژیانی خێزانی ژن و مێردێك، بەڵكو سنووری بەزاندووە بەوەی، كە شەڕی بە مێردەكەشی فرۆشتووە:

چاكت كرد مەشروبت پێ تەرك كردم..

دەنا هەموو شەوانی مەستی،

دەستم لەسەر زەنگی ماڵەكەتان،

هەڵنەدەگرت.

شەڕم بە مێردەكەت دەفرۆشت. (ل.٥٢٣)

من وای بۆ دەچم، جەلیزادە لەم وێنانەی پێوەندی نێوان هەر پیاوێك و ژنێكی خێزانداردا بەرجەستەدەكات، دەیەوێت راشكاوانە پەردە لەسەر ئەو پێوەندییە نهێنییە لابدات، كە دەمێكە هەیە و هیچ شائیرێك نەیویستووە، یان پێی نەنگ و شەرم بووە، لێی بدوێت، ئەگەرچی لەنێو هۆنراوەی فۆلكلۆریدا بە ئاشكرا دەربڕاوە.

جەلیزادە لەپاڵ ئەمانەدا دەیەوێت، ئەمانەی ژێروو بخاتەروو:

١: ئـەم دۆخـەی ئـەم ژن و مێردانـە تێیکەوتـوون، لـە ئەنجامـی ئەوەیە، کـە زمانێکی هاوبەش و لێك تێگەیشـتن هەردوو هاوژین کۆناکاتەوە.

٢: هێندێك جار لەگەڵ سەرهەڵدانی ناکۆکی و ناتەبایی و بەرفراوانبوونـی دنیای نامۆیی نێوان ژن و مێرد، هەر یەکەیان بیر لە کەسێك دەکەنەوە، تا ئەم بۆشاییەیان بۆ پڕبکاتەوە.

٣: هیچ پێوەندییەکی ئەوتۆ لەنێوان شائیر و ژنانی خێزاندار دا نییـە، ئەگەرچی لە هەندێـك باردا خۆی کردووە بە بکەری ڕووداوەکان، بەڵکـو تاکە مەبەسـتی جەلیـزادە ئەوەیە پێمان بڵێت ئەم جۆرە خێزانە ناکۆکانەش لەنێو کۆمەڵی ئێمەدا هەن، کە هەر لە ڕووکەش خێزاندارن، بەڵام لە ڕاستیدا ناکۆکن و لە دنیایەکی نامۆدا دەژین.

٤: جەلیـزادە دەیەوێت بەو ژنە خێزاندارانە بڵێت: لەگەڵ ئـەوەی هاوژینەکانتـان نرختان نازانن، ئەوا کەسـانێك هەن هەست بە نامۆیی ئێوە دەکەن و بیرتان لێدەکەنەوە، هەروەك لـەم کۆپلەیەی ژێرەوودا هێمـای بۆ دەکات و لە هەمان کاتدا وێنەیەکی نەرێنی دوو هاوژین دەخاتەروو:

...

کەچی لە ژوورەوە

لە قەراخ ڕووباری هەنگوینا،

پیاوێکی گەمژە،
لە ئێوارەوە پرخەی دێ.
دێیتە بەر پەنجەرە، دەڕوانیتە باران،
لەناو هەموو دڵۆپێکدا،
شائرێکی سەر سپی دەبینی،
شیعر بۆ چاوە مەستەکانت دەنووسێت. (ل.٦٩١)

وێنەی نەرێنی نێوان دوو هاوژین



لـە پاڵ درکاندنی ئەم هەموو پێوەندییـە نهێنییانەی نێوان هەردوو رەگەزی نێر و مێ، جەلیزادە دەگاتە ئەنجامی ئەوەی، ئەم رەفتارە بخاتە نێو خانەی گەمژەیی:

....

ئەوپەڕی گەمژەییشە،

کە تـۆ، ژنێکت خۆشبوێ،

کە ژنی تۆ نییە. (ل.١٨١)

❋ ❋ ❋

ئەنجام

١ . وێنەی رەگەزی مێ لەنێو دیوانی ژنێك لە جنسی بارانی قوبادی جەلیزادەدا هەر تەنێ وێنەی جەستەی ژن نییە، هەروەك شائیر پێی ناسراوە، بەڵكو وێنەكان هەمەجۆرن، لەوانە: نەنك، دایك، هاوژین، پێشمەرگەی رەگەزی مێ، ئافرەتانی قوربانییانی ئەنفال و رفێندراوانی كارەساتی شەنگال. لە بابەتە كۆمەڵایەتییەكانیش، ژن كوشتن، قەیرە كچ (گەورەكچ) ، لەشفرۆش و ...

٢. وێنەی نەنكی لەپاڵ ئەوەی گەرانەوەیەكە بۆ سۆزی خۆشەویستی ئەو، لە هەمان كاتدا هێندێك پەسنی جوانی دی خستۆتەسەر جۆری بیركردنەوەی نەنكی، كاتێك وەك نیشتمانخوازێك بەرجەستەی كردووە.

٣. لە باسكردنی دایكیدا پشتی بە تەكنیكی یادكرنەوە بەستووە، بۆ كەسێك، شوێنێك و كاتێك، كە تێیدا هەستی بە ئارامی و خۆشەویستی كردووە. راستە لای زۆربەی شائیران دایك هێمای زێد و نیشتمانە، لای جەلیزادە لە پاڵ ئەمانەشدا بە وەبیرهێنانەوەی هەستی بیستن و بینینی سەردەمی منداڵی وەك دوو كردەی لەبیر نەكراو هاتۆتەوە یاد.

٤. لەنێو هەموو وێنەكاندا، بۆنی بۆندارترین خۆشەویستی، سۆزی پاكی هاوژینێتی و دایكایەتی و مرۆڤدۆستی بەزۆری

لە وێنەی دایکیدا هەست پێدەکرێت، تا ئەو دەیان وێنانەی بۆ ئافرەتانی دی کێشاونی.

٥. وێنەکانی هاوژینی پەرت و بڵاون لە ناواخنی هێندێك هۆنراوەدا هێمای بۆ کردوون. لەم وێنانەدا هیچ پێداهەڵگوتنێك، ستایشێك، دەستخۆشی لێکردنێك، لێکنێزیکییەك، هاوبیرییەك و.. بۆ هاوژینەکەی بەرچاوناکەوێت، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بابەتێکی نوێی شیئری کوردییە، کە لای هێندێك شائیرانی هاوچەرخدا بەرچاودەکەوێت.

٦. جەلیزادە ئەرکی تازەی ئافرەتی کوردی بە شانازییەوە خۆیاکردووە، کە ئەویش بوونی بە پێشمەرگە، بۆ بەرگریکردن لە خاك و نیشتمان. کەواتە وێنەی پێشووی ئافرەتی کوردی وەك کچە شەهید، ژنە شەهید و سێوی و.. نەنەخشاندووە، بەڵکو ئەرکە نوێیەکانی زێتر بەرجەستەکردووە.

٧. قوربانییانی ئەنفال و رفێندراوانی کارەساتی شەنگال، نەك لە رووی ئەوەی بێدەسەڵاتییان پێشان داوە، بەڵکو لەرێگەی وێنەی ئەوانەوە زوڵم و رەفتارە نامرۆییانەی داگیرکارانی کوردی خستۆتەڕوو.

٨. چەند وێنەیەکی باری کۆمەڵایەتی ژنی کورد لە سەردەمی ئەمڕۆدا وەك: ژن کوشتن، گەورە کچ و لەشفرۆش زۆر بوێرانە باسیان لێوە کراوە.

٩. لەم دیوانەدا بایەخی تەواو بە هزر، ژیر، توانا و لێهاتووی ئافرەتی کورد دراوە، ، لە لایەنی چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانی نێو جڤاکدا وێنەی بەرچاوی بۆ کێشراوە.

١٠. لە وێنەی رەگەزی مێی ـ خۆشەویست، دنیایەکی خەملیو لە دڵدارێتی و هەژ و ئەڤینی هەست پێ ناکرێت، بەڵام لە بەرامبەردا وێنەکان ئەوەمان بۆ دەخەنەڕوو، کە شائیر شەیدای رەگەزی مێیە.

١١. هەوڵدراوە وێنەکانی نێو دیوانەکە بە زمانێکی وێژەیی بنووسرێت، زمانێك تایبەت بە خودی شائیر بێت.

١٢. لە کێشانی وێنەی هونەریدا بایەخ بە رەوانبێژی دراوە، بە تایبەتی لە لایەنی لێکچوواندن، خواستن و لە هێندێك باریشدا بە تەنکردن و بیستن و بینینیشدا.

❁ ❁ ❁

سەرچاوە

١ـ د. سەردار ئەحمەد حەسەن بەکر، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیئری کوردی دا ١٩٧٠ ـ ١٩٩١ سلێمانی ٢٠٠٤

٢ـ م. د. فوزيه لعيوس غازی الجابری، المرأه فی شعر مظفر النواب (دراسه فنيه و موضوعيه)، مجله القادسيه فی الاداب والعلوم التربويه، المجلد (٨) العدد (٣) ٢٠٠٩

٣ـ د. هاله العبوشی، دراسه أسلوبيه فی شعر الحب عند نزار قبانی، مجله جسور المعرفه، العدد (٦) . ص (١١٤ ـ ١٣٠) ٢٠١٥

٤ـ کوردستان موکریانی، ئاستی زمان لەنێو هۆنراوەکانی حەمەسەعید حەسەن دا، گۆڤاری قەڵای زانست، ژمارە ٤، بەرگی ٢ ژمارە ٤ ئابی ٢٠١٧ لاپەڕە ١ ـ ١٣.

٥ـ ناز فەلەکەددین کاکەیی، هاوسەفەر، هەولێر ٢٠١٧

٦ـ ئەورەحمان فەرهادی، چۆڕاوی تریفە، هەولێر ٢٠١٧

٧ـ کوردستان موکریانی، وێنەی رەگەزی مێ لەنێو هۆنراوەی کوردیدا، گۆڤاری قەڵای زانست، ژمارە ٦، ٢٠١٨

٨ـ کوردستان موکریانی، بکەری رەگەزی مێ لەنێو چۆڕاوی تریفەی فەرهادیدا، رۆژنامەی هەولێر، ژمارە ٢٧٢١ ، ٢٠١٧/١٠/٦

٩ـ کوردستان موکریانی، وێنەی رەگەزی نێر لەنێو

هۆنراوەکانـی ناز کاکەییـدا. گۆڤـاری قـەڵای زانسـت، لەژێر چاپ دایە

١٠ـ کوردسـتان موکریانـی، وێنـەی رەگـەزی مـێ لەنێـو هۆنراوەکانی نیگار نادردا، گۆڤاری قەڵای زانست، لەژێر چاپ دایە

١١ـ قـوبادی جەلیزادە، ژنێك لە جنسـی باران، سـلێمانی ، چاپی یەکەم ٢٠١٩

❁ ❁ ❁

بەرهەمە چاپکراوەکانی دانەر

کتێب :

1 . Е. и. Кедайтене, Курдистан Мукриани. учебный Русско - Курдский Словарь. Москва 1977

فەرهەنگی رووسی ـ کوردی، بەهاوکاری کیدایتینە، مۆسکۆ ١٩٧٧

٢. هۆنراوەی ئافرەتی کورد، هەولێر ١٩٨٠.

٣. رێزمانی کوردی، بەهاوکاری د. نەسرین فەخری، هەولێر ١٩٨٢.

٤. رێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی لە زمانی رووسییەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، بەغدا ١٩٨٤.

٥. ناوی کچ و کوڕانی کوردی، چاپی سێیەم، هەولێر ١٩٨٥.

٦. بیست چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی، هەولێر ١٩٨٤.

٧. کەشکۆڵی گیو. بەرگی یەکەم، بەغدا ١٩٨٦ .

٨. سینتاکسی رستەی سادە لە زمانی کوردیدا، بەغدا ١٩٨٦ .

٩. زارە کوردییەکان، بە هاوکاری: د. کامل بەسیر، سادق

بەهائەددین و حەمەمین هەورامانی، هەولێر ١٩٨٧.

١٠. کەشکۆڵی گیو، بەرگی دووەم، هەولێر ١٩٨٨.

١١. قواعد اللغه الکردیه، بغداد ١٩٨٩.

١٢. رەنگدانـەوەی دۆزی ژن بەنێـوی ژنـەوە لەنێـو رۆژنامەگەری کوردیدا (١٨٩٨ ـ ١٩٧٠)، هەیرنفەین ١٩٩٥.

١٣. تیشـکێك لەسـەر زمانانـی کۆنی کوردسـتان (زمانانی خووری و ئورارتوو)، هەیرنفەین ١٩٩٥.

١٤. ژنی کورد و دۆزی نەتەوایەتی، هەیرنفەین ١٩٩٥.

١٥. سینتاکسی رستەی کوردی، هەیرنفەین ١٩٩٧.

١٦. ژنی کورد بەستەم دەورەدراوە، هەیرنفەین ١٩٩٨.

١٧/ رەنگدانـەوەی دۆزی ژن بەنێـوی ژنـەوە لەنێـو رۆژنامەگەری کوردیدا (١٨٩٨ ـ ١٩٧٠)، هەولێر ١٩٩٨

١٨. تیشـکێك لەسـەر زمانانـی کۆنی کوردسـتان (زمانانی خووری و ئورارتوو)، هەولێر ١٩٩٩.

١٩. ژنی کورد بەستەم دەورەدراوە، هەولێر ١٩٩٩.

٢٠. نا بۆ شوێنکەوتەیی، هەیرنفەین ١٩٩٩.

٢١. چەند بابەتێك لەسەر رێبازی خوێندنی سەرەتایی لە هۆڵەندەدا، هەیرنفەین ١٩٩٩.

٢٢. سینتاکسی رستەی کوردی، هەولێر ٢٠٠٠.

٢٣. گۆڤاری روناکی، هەولێر ٢٠٠١.

٢٤. گۆڤاری زاری کرمانجی، هەولێر ٢٠٠٢.

٢٥ . نا بۆ شوێنکەوتەیی، هەولێر ٢٠٠٢.

٢٦. ناوی کچ و کوڕانی کوردی، چاپی چوارەم، هەولێر ٢٠٠٢.

٢٧. کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بە هاوکاری: مومتاز حەیدەری و د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس. بەشی یەکەم و دووەم، هەولێر ٢٠٠٣.

٢٨. مؤتمر الذكرى المئويه لميلاد البارزاني الخالد، بمشاركه ممتاز الحيدري و د، إسماعيل حقي شاويس، هولير ٢٠٠٣.

٢٩. گوڵزارێکی وشە لە یادی سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بە هاوکاری: مومتاز حەیدەری و د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس، هەولێر ٢٠٠٣.

٣٠. دەنگی ژنی هۆڵەندی لەنێو چاپەمەنییەکانیدا، هەولێر ٢٠٠٤.

٣١. سینتاکسی رستەی تێکەڵ. هەولێر ٢٠٠٤.

٣٢. شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، د. زەرێ یوسوپۆڤا، لە زمانی رووسییەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، هەولێر ٢٠٠٥.

٣٣. فەرهەنگی گەورەی من، لە زمانی هۆڵەندییەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، هەولێر ٢٠٠٦.

٣٤. دیوانی ئەسیری، هەولێر ٢٠٠٦.

٣٥. یەکـەم فەرهەنگـی تـۆ، لـە زمانـی هۆڵەندییـەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، هەولێر ٢٠٠٧.

٣٦. فەرهەنگی هەراشان، هەولێر ٢٠٠٧.

٣٧. باری سیاسی ئافرەتی کورد لە باشووری کوردستاندا، بە سێ زمان: کوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی، هەولێر ٢٠٠٧.

٣٨. سـەردەمانی زمانـی کوردی و کۆمەڵـە زمانانی ئێرانی، هەولێر ٢٠٠٨.

٣٩. دوران های زبان کوردی و مجموعه زبان های ایرانی، وەرگێر: مستەفا ئیلخانی زادە، هەولێر ٢٠١٢.

٤٠. قواعد اللغه الکوردیه، طبعه ثانیه منقحه، بغداد ٢٠١٣.

٤١. بعض جوانب النحو الکوردی، بغداد ٢٠١٣.

٤٢ . دوانامەی گیو بۆ کۆڕی زانیاری کورد، هەولێر ٢٠١٣.

٤٣. پەیڤەکانی شاووشکا، هەولێر ٢٠١٣.

٤٤. سـیر تطـور زبان کردی و مجموعـه زبان های ایرانی، وەرگێر: مستەفا ئیلخانی زادە، تهران ٢٠١٥.

٤٥. دوانامـەی گیو بـۆ کۆڕی زانیاری کـورد، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠١٥.

٤٦. فەرهەنگـی کوردسـتان، دانانـی گیـو موکریانـی، پێداچوونـەوە و زێدەکردنـی: کوردسـتان موکریانـی، چاپی

دووەم. هەولێر ٢٠١٧.

٤٧. فەرهەنگی نۆبەرە، دانانی گیو موکریانی، پێداچوونەوە و زێدەکردنی: کوردستان موکریانی، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠١٧.

٤٨. مۆرفۆلۆژیا، هەولێر ٢٠١٧.

٤٩. نامەی دڵی ئەحمەد هەردی، هەولێر.

٥٠. چەند بابەتێك لەبارەی زمانی کوردی ـ کۆبەرهەمی ژمارە ٢ . لە بڵاوکراوەکانی تۆری میدیایی رووداو، هەولێر ٢٠١٩.

٥١. گوڵچنی گیو ـ کۆکردنەوەی گیو موکریانی و بژارکردن، رێکخستن، ساخکردنەوە و زێدەکردنی کوردستان موکریانی، لە بڵاوکراوەکانی تۆری میدیایی رووداو ، هەولێر ٢٠١٩.

❋ ❋ ❋

لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوە:

١ـ ئامرازەکانی خستنەسەر لە زمانی کوردیدا. گۆڤاری زانکۆ. بەرگی ٤ . ژمارە ١ . بەغدا ١٩٧٨.

٢ ـ ئافرەت لە هۆنراوەی کوردیدا. سلێمانی ١٩٨٧.

٣ـ المرأه فی الشعر الکوردی. سلیمانیه ١٩٧٨.

٤ـ جۆرەکانی جێناو و دەوریان لە رستەی کوردیدا. گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق ـ دەستەی کوردی. ژمارە ٧ . بەغدا ١٩٨٠.

٥ـ جۆرەکانی رستە لە زمانی کوردیدا. گۆڤاری زانکۆ. ژمارە ١ . بەرگی ٦ . بەغدا ١٩٨٠.

٦ ـ دەنگی ئافرەتی کورد لەنێو هۆنراوەکانیدا. گۆڤاری بەیان. ژمارە ٦٣. بەغدا ١٩٨٠.

٧ ـ ناو لە رستەی کوردیدا. گۆڤاری زانکۆ. ژمارە ١. بەرگی ٧. سلێمانی ١٩٨١.

٨ ـ ئاوەڵناو لە رستەی کوردیدا . گۆڤاری کاروان. ژمارە ٥ . هەولێر ١٩٨٣.

٩ـ حەبیبەی نالی کێ بوو؟ گۆڤاری بەیان. ژمارە ٨٦ و ٨٧ . بەغدا ١٩٨٣.

١٠ـ چۆنیەتی نووسینی چاوگەی نەسادە. گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق ـ دەستەی کوردی . بەرگی ٩ . بەغدا ١٩٨٣.

١١ـ چۆنیەتی پەرەسەندنی ئۆرتۆگرافی لە رۆژنامەگەری

کوردیدا . گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ١٠٢ . بەغدا ١٩٨٤.

١٢- لەگەڵ نۆبەرەی ڕۆژنامەگەری کوردیدا . گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ١٠٦ . بەغدا ١٩٨٥.

١٣ - تیشکێك لەسەر گۆڤاری روناکی . گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ . ژمارە ١٠٧ . بەغدا ١٩٨٥.

١٤- رستەی شوێنکەوتووی کات. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ١١١ . بەغدا ١٩٨٦.

١٥- رستەی شوێنکەوتووی هۆیی. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ١٢٤. ١٩٨٩.

١٦- رستەی شوێنکەوتووی مەرج. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ١٢٥. ١٩٩٠.

١٧- رستەی شوێنکەوتووی پێوانە. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ١٢٦ . ١٩٩٠.

١٨- رستەی شوێنکەوتووی پێچەوانە. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ١٢٨. بەغدا ١٩٩٢.لاپەرە ٤٦-٥٣.

١٩- چەند سەرنجێك لەسەر زمانانی خووری و ئورارتوو. گۆڤاری زانکۆ. ژمارە ١ . هۆڵەندا ١٩٩٤.

٢٠- Een Blik op de Choeri en Orartoe Talin. Zanko. No. ١. Nederland. ١٩٩٤.

٢١- Barawirdkirina Hinek Taybetiyen Dialektologi

Navbara Zaravayen Kurmanciya Jorin u Navin. Kovara
.Berlin .١٩٩٥ Adar .١ Lekolin. Hijmar

٢٢- Volgorde van de Zinsdelen in de Koerdische
١٩٩ Taal. Nederland

٢٣- شوێنی فرێزی ناوی و فرێزی کاری لەنێو رستەی کوردیدا. گۆڤاری رامان. ژمارە ٤٢. هەولێر. ٢٠٨ - ٢١٢.

٢٤- ئافرەتی کورد لەنێوان ژەمانی وڵات و رەوگەدا. گۆڤاری رامان. ژمارە ٤٤ هەولێر ٢٠٠٠.

٢٥- ژنی کورد لەنێوان دوو دنیای (مەکە) و (بکە) دا. گۆڤاری رامان . ژمارە ٥٥ . ٢٠٠١/١/٥. گۆڤاری شاووشکا. ژمارە ٢. هاوینی ٢٠٠١.

٢٦- اصول التنوع اللغوی فی کرکوك. بحث قدم الی مؤتمر کرکوك فی ٢٠٠١/٧/٢٢ لندن.

٢٧- تێکستێك بە زمانی ماد. ئەکادیمی - گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردستان. ژمارە ١. ٢٠٠٢.

٢٨- باری سیاسی ئافرەتی کورد لە باشووری کوردستاندا. کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر. ٢٠٠٣.

٢٩- الوضع السیاسی للمرأه الکوردیه فی کوردستان الجنوبیه. مؤتمر الذکری المئویه لمیلاد البارزانی الخالد. ٢٠٠٣.

٣٠ـ ئافرەتـی رووناکبیـری کورد و رۆڵی لە بەرەوپێشـبردنی جڤاکدا. گۆڤاری شاووشکا. ژمارە ١٧. بەهاری ٢٠٠٦.

٣١ـ زمان و ئاسایشـی نەتەوەیی، رۆڵی ماسمیدیا. دیداری ماسمیدیا. هەولێر ٢٠١٦/٢/٢١.

٣٢ـ ئاستی زمان لەنێو هۆنراوەکانی حەمەسەعید حەسەن دا، گۆڤـاری قەڵای زانسـت، ژمارە ٤، بەرگـی ٢ ژمارە ٤ ئابی ٢٠١٧ لاپەڕە ١ - ١٣.

٣٣ـ وێنـەی رەگەزی مێ لەنێو هۆنراوەی کوردیدا، گۆڤاری قەڵای زانست، ژمارە ٦، ٢٠١٨ ٣٤ـ وێنەی رەگەزی نێر لەنێو هۆنراوەکانی ناز کاکەییدا. گۆڤاری قەڵای زانست، ژمارە ؟

٣٥ـ وێنـەی رەگەزی مێ لەنێـو هۆنراوەکانی نیگار نادردا، گۆڤاری قەڵای زانست، ژمارە ؟

❋❋❋

پێرست

پوختە ٧
زمان لەنێو دیوانی ژنێك لە جنسی باراندا ٩
وێنەی هونەری لەنێو دیوانی ژنێك لە جنسی باراندا ١١
یەکەم: وێنەی جەلیزادە لەنێو دیوانی ژنێك لە جنسی باراندا ١٤
وێنەی وەرزەکانی ساڵ لای جەلیزادە ١٩
وێنەی نەرێنی ٢٢
وێنەی نەرێنی ـ درۆکردن ٢٣
لەگەڵ ٢٣
دووەم: وێنەی رەگەزی مێ لەنێو ئەندامانی خێزانی جەلیزادە ٢٥
١. وێنەی نەنکی ٢٥
٢ . وێنەی دایکی ٢٨
٣ . وێنەی هاوژینی ٣٠
وێنەی دووەم ٣٤
سێیەم: وێنەی رەگەزی مێ لە دەرەوەی خێزانی جەلیزادە ٣٦
١ ـ وێنەی پێشمەرگەی رەگەزی مێ ٣٦
٢ ـ وێنەی کچێك لە قوربانییانی کارەساتی ئەنفال ٣٩

٣ ـ وێنەی رفێندراوانی رەگەزی مێ لە کارەساتی شەنگال ٤٠

چوارەم: وێنەی باری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی ٤٢

١. ژن کوشتن ٤٢

٢ . گەورەکچ (قەیرەکچ) ٤٥

٣. لەشفرۆش ٤٦

یەکەم: چێژی جەستەیی کوڕی هەژار ٥٠

پێـنـجـەم: وێنەی رەگەزی مێ بە گشتی ٥٣

شەشەم: وێنەی رەگەزی مێ لە دنیای خۆشەویستی جەلیزادەدا ٥٧

وێنەی ئەو ژنەی جەلیزادە خۆشیدەوێت ٦١

هـەوتـەم: وێنەی باران و جەستەی رەگەزی مێ ٦٦

هەشـتەم: وێنەی جەستەی رەگەزی مێ ٦٨

نـۆیـەم: وێنەی خۆیاکردنی پێوەندی نهێنی لەگەڵ رەگەزی مێ ٧٢

ئەنجام ٧٨

سەرچاوە ٨١

بەرهەمی چاپکراوی کوردستان موکریانی ٨٣

لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوە: ٨٨

پێرست ٩٣

لەم بەرهەمەدا ئەم وێنانە شیکراونەتەوە، کە قوبادی جەلیزادە لەنێو دیوانی ژنێک لە جنسی باراندا بە وشە بۆ ڕەگەزی مێی کێشاون.

قوبادی جەلیزادە لەنێو شائیرانی کورد بەوە نێودارە، کە ناوەڕۆکی زۆربەی هۆنراوەکانی بۆ جەستەی ڕەگەزی مێ تەرخان کردووە و بەتایبەتی بۆ باخی سێوان.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە بزاندرێت ئایا جەلیزادە هەر جەستەی ڕەگەزی مێی مەبەستە، یان پەلی بۆ بابەتانی دی، کە بەندیواری بە ژنەوە هەیە، هاویشتووە؟

ئایا جەلیزادە لە وێنەکانیدا هەر ڕووکەشی دەرەوەی ئافرەتی خستۆتەڕوو، یان ناخی دەربڕیوە و بایەخی بە ڕۆڵی گرنگی لە ژیانی ڕۆژانەیدا داوە؟ جەلیزادە تا چەند ڕاستگۆیانە لە خۆی دواوە و ڕاشکاوانە ڕازی دڵی خۆی بۆ خوێنەر و بۆ هاوڕەگەزی بەرامبەری درکاندووە؟ جۆری وێنەکانی بەرجەستەکراو، ئایا ئەرێنین، یان وێنەی نەرێنین و ...؟

ISBN:978-600-6962-72-6

9 786006 962726

خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا
سلێمانی سەرەتایی شەقامی مەولەوی
فەرعی سەعید تەها کۆیی
٠٧٥٠١١٢٨٣٨٨ - ٠٧٧٠١٥٧٥٠٦٧
Ktebxanai chwarchra